گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper34

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٢/٠٢
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٤/٠٤/٠٢
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٤/٢٩

# بەلێكسیمبونی فرێزی هەڵگەڕاوە لە زمانی كوردیدا

**محمد قادر محمدامین**

muhamad.qadr2016@gmail.com

پەیمانگەی كۆمپیوتەری ڕانیە، بەڕێوبەرایەتیی گشتیی پەیمانگەكان و مەشقكردن، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەلێكسیمبونی فرێزی هەڵگەڕاوە لە زمانی كوردیدا)یە. هەوڵێكە بۆ خستنەڕو شیكردنەوەی ئەو فرێزانەی دوای جێگۆڕكێی دەرخراو و دەرخەرەكانیان، بە پرۆسەی گوێزانەوە لە دروستەی قوڵەوە بۆ دروستەی ڕوكەش، دەبن بە یەكەی فەرهەنگی.

وەك دەزانرێت، فرێز یەكەیەكی ئاستی سینتاكسە، بەڵام لە ئەنجامی گەشە و گۆڕان و پێویستیی زمان بۆ ناونان و بەرهەمهێنانی چەمك و واتای نوێ، دوبارە زمان پەنادەباتەوە بۆ یەكە بەكارهێنراوەكانی تری زمان؛ بۆیە هەندێك لە یەكە زمانییەكان لە ئاستێكەوە دەپەڕنەوە نێو ئاستێكی دیكەی زمان، بە مەبەستی دوبارە بەكارهێنانەوە. یەكێك لەو ڕێگایانەش سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی یەكەی فەرهەنگییە بە ڕێگای سینتاكسی، یەكێك لە بەرهەمەكانی ئەو ڕێگایەش، فرێزی هەڵگەڕاوەیە، دوبارە دوای پرۆسەی هەڵگێڕانەوەی یەكە پێكهێنەرەكانی، وەك یەك لێكسیمی یەكسان بە وشەی لێكدراو مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت. ئەوەش وەك یەكێك لە ڕێگا چالاك و بەبەرهەكانی دەوڵەمەندكرنی فەرهەنگ هەژماردەكرێت.

بۆیە بەپشتبەستن بە داتای توێژینەوەكە، دەبینرێت زۆربەی ئەو فرێزە بەلێكسیمبوانەی بەرهەمی ئەم چەشنەی فرێزن، لە پۆلی ناون، بە پێچەوانەوە بەشێكی كەمیان لە پۆلی هاوەڵناو و هاوەڵناوئاسان؛ هەروەها یەكێكی دیكە لە تایبەتمەندییەكانی ئەم چەشنە فرێزە ئەوەیە، كە یەكە بەلێكسیمبوەكانیان لەناوەوە بەجۆرێك داخراون بواری تێئاخنین و فراوانكردن نادەن، ئەوەش وایكردوە وەك تاكە لێكسیمی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەو فرێزە هەڵگەڕاوانە دوای پرۆسەی بەلێكسیمبون و

پۆلگۆڕین، واتا و سیمای سەرەکی خۆیانیان لەدەستنەداوە، واتە هەردوک بەکارهێنانیان ماوە، کە مەبەست بەکارهێنانی سینتاکسی و فەرهەنگییە.

**کلیلە وشە:** فرێزی هەڵگەڕاوە، پێکهاتەی سینتاکسی، پێکهاتەی فەرهەنگی، بەلێکسیمبون، پۆلگۆڕین

## پێشەکی:

١/٠: ناونیشان و بواری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەلێکسیمبونی فرێزی هەڵگەڕاوە لە زمانی کوردیدا)یە.

٢/٠: کەرەستەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانی کوردیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستدایە. بۆ کەرەستەی نمونەکانیش سود لە زمانی قسەپێکەرانی ڕۆژانەی خەڵک وەرگیراوە، لەگەڵ ئەو نمونانەی کە لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

٣/٠: ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕێبازی سەرەکی توێژینەوەکە، بریتییە لە ڕێبازی وەسفیی شیکاری. سەرەڕای ئەوەش لە شیکردنەوەی نمونە و داتای توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی گوێزانەوە بەستراوە.

٤/٠: پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: فرێزی هەڵگەڕاوە چییەو کامانەن؟ بەلێکسیمبون چییە؟ تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە فرێزە چین؟پۆلگۆڕین لە سینتاکسەوە بۆ فەرهەنگ چۆن ڕودەدات؟ بەرهەمی ئەم چەشنە فرێزە، کام پۆلەی وشەن؟ بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت، ئایا دەشێت یەکەیەک پۆلەکەی و ئاستەکەی بگۆڕێت و بچێتە سنوری ئەوانی دیکە؟ بۆیە گرنگە ئەو ڕێگا و دەستورانە بخرێنەڕو، کە بەرهەمدارن و دەبنە هۆی دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگ.

٥/٠: کێشەی توێژینەوەکە: دیاریکردن و دەستنیشانکردنی یاساو پێکهێنەرەکانی ئەم چەشنەی فرێزو پۆلکردنیان، هەروەها چۆنیەتی هەڵگەڕانەوەی دەرخەرو دەرخراوەکان، دیاریکردنی ئەو یاسایانەی لەدوای پرۆسەی گۆڕین، فرێزە بەلێکسیمبوەکانیان لێبەرهەمدێن، لەپاشان پۆلێنکردنیان کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەیە.

٠/ ٦: ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، سەلماندن و خستنەڕوی گۆڕینی فرێزی ئاساییە بۆ فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبو.

٠/ ٧: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: بێجگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دو بەش پێکهاتوە. بەشی یەکەم، بەناونیشانی (پۆلگۆڕین لە چوارچێوەی یەکە مۆرفۆلۆژییەکاندا)یە، چەند باسێک لەخۆدەگرێت، لەوانە: (پۆلگۆڕینی وشە، پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفیمی سەربەخۆ و بەنددا، بەبەندبون،

بەسەربەخۆبون، پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفیمی فەرهەنگی و ڕێزمانیدا، بەفەرهەنگیبون، بەڕێزمانیبون، پۆلگۆڕین لەنیوان نوسەک و گیرەکدا، بەنوسەکبون، بەگیرەکبون.) بەشی دوەم، بەناونیشانی (پۆلگۆڕینی فریزی هەڵگەڕاوە)یە، چەند باسێک لەخۆدەگرێت، لەوانە: (فرێز و پێکهاتەکەی، فرێزی چەسپاو و بەکارهێنانی وەک ناو، فرێزی هەڵگەڕاوە، چەمک و پێناسە، تایبەتمەندییەکانی فرێزی هەڵگەڕاوە، پۆلگۆڕین لە سینتاکسەوە بۆ فەرهەنگ، خستەڕوی ئەو فرێزە هەڵگەڕاوانەی بەلێکسیمبون لە زمانی کوردیدا، شیکردنەوەی ئەو فرێزە هەڵگەڕاوانەی بەلێکسیمبون لە زمانی کوردیدا.)

## بەشی یەکەم: پۆلگۆڕین لە چوارچێوەی یەکە مۆرفۆلۆژییەکاندا

دەستپێک:

بەرلەوەی باسی پرۆسەی بەلێکسیمبون بکرێت، کە ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، بەباشدەزانرێت باس لە پرۆسەی پۆلگۆڕین بکرێت، هەرچەندە پۆلگۆڕین پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییە، واتە وشەڕۆنانە و دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆژی؛ بەڵام بەلێکسیمبونی فرێز گۆڕانی کەرەستەیەکە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر و بون بەلێکسیمی فەرهەنگییە، بەڵام ئەوەی کۆیان دەکاتەوە پرۆسەی گۆڕانە؛ واتە هەردو پرۆسەکە بە ئاڕاستەی گۆڕاندا تێدەپەڕن، بۆیە لە بەشی یەکەمدا باسی پۆلگۆڕین لە ئاستی یەکە مۆرفۆلۆژییەکاندا دەکرێت.

### ١/١: پۆلگۆڕینی وشە

زمان، وەک تەنێکی ئاڵۆزی تێکچڕژاو، لەلایەن زمانەوانانەوە بەسەر چەند ئاست و وەچەئاستێکی دیاریکراو دابەشکراوە. ئاستی مۆرفۆلۆژیش وەک وەچەئاستێکی ڕێزمان، چەندین پۆلێنی جیاجیای بۆکراوە.[١] سەرەڕای ئەوەش یەکەکانی ((زمان ڕایەڵەیەکی بەیەکەوە ئاڵاون، کە گشت لایەنەکانی لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا کاردەکەن.)) (محەمەد ڕەزای باتنی: ١٩٩٣: ٨٩). پۆلگۆڕین "conversion"[٢]یش، وەک پرۆسەیەکی چالاکیی زمانی، دیاردەیەکی هەستپێکراوە، لەنێو یەکەکانی ئاستێکی دیاریکراوی وەک (دەنگ، ڕێزمان، واتا)دا؛ (Aitchision: 1992: 137)، یان پەڕینەوەیە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر، چونکە ((زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێ.)) (محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ١١٨). ئەمەش پەیوەستە بەچەند هۆکارێکەوە، کە خۆی لە هۆکارە (زمانی و نازمانییەکان)دا[٣]، (شیروان حسین حمد: ٢٠١٨: ١٢) دەبینێتەوە. واتە پۆلگۆڕین، ((گۆڕینی پۆلەوشەیەک لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، واتە: گواستنەوەی بەشێکی ئاخاوتن بۆ بەشێکی تری ئاخاوتن، وەک گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو، یان بەپێچەوانەوە.)) (ئەردەوان تۆفیق فەتاح: ٢٠١٥: ٣٦).

سەبارەت بە پۆلگۆڕینی وشە، وەک یەکەیەکی گرنگی ئاستی مۆڕفۆلۆژی لە زۆربەی زمانەکاندا هەستپێدەکرێت، (لە زمانی ئینگلیزیدا وەک ڕێگایەک بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ سەیردەکرێت، چونکە ڕێگایەکی بەرهەمدارە.) (Kim Gahyun: 2010: 1). ئەم پرۆسەیە بەبێ لاگرلکاندن، کە بە (دارشتنی سفر) "Zero derivation" ناسراوە؛ بەو واتایەی یەکەیەکی وەک وشە لە پۆلێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ پۆلێکی تر، بەبێ زیادکرنی هیچ گیرەکێک بۆسەر وشە/ بنکەکە. بڕوانە نمونەی (١- a, b)

١-a- rich (adjective)

b- the rich (noun)) Crystal: 2008: 114 (

بە سەرنجدان لە نمونەکە، دەردەکەوێت، کە وشەی (rich- دەوڵەمەند) لە زمانی ئینگلیزیدا لە بنەڕەتدا لە پۆلی هاوەڵناوە، بەڵام وەک ناویش بەکاردەهێنرێت. ئەم گۆڕینە لەنێو بەشێکی پۆلەڕەگەز/ کەتیگۆری-یەکانی، دیکەی زمانەکەدا بەرچاوە. پەیوەست بە زمانی کوردیشەوە، دیاردەی پۆلگۆڕینی وشە، لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکە، بەبێ هیچ زیادکردنێک دەبینرێت، (وشەکە، لەڕوی فۆڕمەوە هیچ گۆڕانێکی بەسەردانایەت، تەنها ئەرکی ڕێزمانی لە ڕستەدا دەگۆڕێت.) (Katamba: 1993: 112)، بە هەمان فۆڕمەوە دەپەڕێتەوە، بۆ پۆلێکی تر و لەوێدا ڕۆڵی واتایی و ڕێزمانی خۆی دەگێڕێت. بۆ ڕونکردنەوە وشەکانی (زیرەک، ویست) لە نمونەکانی (٢، ٣)دا، سەیربکە:

٢-ئ- خوێندکارە زیرەکەکە، هات. (هاوەڵناو)

ب- زیرەک قوتابییەکی چالاکە. (ناو)

٣-ئ- من، ئەوم ویست. (کردار)

ب- ئەوە، بە ویستی من نەبو. (ناو)

بە سەرنجدان لە نمونەکانی (٢، ٣) دەردەکەوێت، بەبێ هیچ زیادکرنێک گۆڕین لە پۆلی وشەکاندا ڕویداوە، ئەوەش لە ئەنجامی پێویستی زمان و پەنابردنەبەر یەکە ساز و ئامادەکانی نێو فەرهەنگە، کە زۆرجار ئەم ڕۆڵگۆڕینە، بە پرۆسەی (لەهاوەڵناوخستن، لەکردارخستن...) ناودەبرێت. (نەرمین عومەر ئەحمەد: ٢٠١٠: ٦٦). ئەمەش وەنەبێت تەنها لە ئاستی وشەدا ئەم پۆلگۆڕینە هەبێت، تەنانەت لە ئاستی خوارووی وشە (مۆڕفیمە بەند)ەکان[٤] هەروەها لە ئاستی سەرووی وشەش (فرێز)ەکان, واتە پەڕینەوە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر، ئەمە بەدیدەکرێت.[٥]

((بەم پێیەش هەر دانەیەکی زمانی لە هەر ئاستێکدابێت، دەبێت چاوەڕێی گۆڕانی لێبکەین.)) (شیروان حسین حمد:٢٠١٨: ١٢)، چونکە وەک ڕێگایەک بۆ زەنگینی فەرهەنگ و پێویستی پەنای بۆ دەبرێت. [٦]

½: پۆلگۆڕین لەنێوان مۆڕفیمی سەربەخۆ و بەندا

بەرلەوەی باسی پۆلگۆڕین لەنێوان ئەم دوانە بکرێت، پێویستە ئەوە بگوترێت، کە بەگوێرەی دەرکەوتن مۆرفیمەکان، دەکرێن بە دو پۆلەوە، (مۆڕفیمە سەربەخۆکان "Free morphemes" هەمو ئەوانە دەگرێتەوە، کە لەشێوەی فۆڕمی سەربەخۆ لە زماندا دەردەکەون.) ( Fromkin & Rodman & Hyams:2003: 77). چ ئەوانەی بە (مۆڕفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی " Lexical morphemes"ناودەبرێن، پۆلێکی کراوەن، وەک: ناو، هاوەڵناو، کردار...هتد.) (Jacobson: 2014: 324-325)، ( Yule: 2010: 68)، چەمکێکی سەربەخۆی فەرهەنگییان هەڵگرتوە، لەشێوەی فۆڕمی سەربەخۆ "Free form" دەردەکەون، هەروەها ئەوانەی کە بە (مۆڕفیمی ئەرکی "Functional morphemes" ناسراون، وەک: ئامرازەکانی لێکدەر، پەیوەندی، ...هتد، کە بە بەراورد بە مۆڕفیمە سەربەخۆ فەرهەنگییەکان پۆلێکی داخراون.) (Katamba: 1993: 41- 42)، ئەرکیان لە سنوری فرێز و ڕستەدایەو هەڵگری چەمکی ڕێزمانین. پێچەوانەی ئەوە (مۆڕفیمە بەندەکانن "Bound morphemes"، کە ناتوانن بەشێوەی سەربەخۆ دەربکەون، بەڵکو بەندن بە بنکە و وشەی ترەوە.) (Crystal: 2008: 59)، چونکە بە سەربەخۆیی واتا ناگەیەنن، لە بەکارهێناندا، هەڵگری چەمکی فەرهەنگی و ڕێزمانین. دەرکەوتنیان، بەشێوەی پێشگر "prefixes"، یان پاشگر "suffixes"...هتد.)ە، (Fromkin & Rodman & Hyams: 2003: 78). وەک، مۆڕفیمە بەندە فەرهەنگی و ڕێزمانییەکان. هەروەها مۆڕفیمی ڕەگ-یش، وەک بنکەی بەند لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا دەردەکەوێت.

کەواتە ((سنورێکی ڕون و ئاشکرا لەنێوان ئەم دو جۆرە مۆڕفیمە "سەربەخۆ و بەند"دا هەیە، بەڵام ئەم سنورە هەمیشە بە نەگۆڕی و تۆکمەیی نامێنێتەوە.)) (شیروان حسین حمد: ٢٠١٨: ١٣). بۆیە زۆرجار هەندێک لە یەکەکانیان دەپەڕنەوە سنوری یەکتر، بەگوێرەی پێویستی و گەشەو گۆڕانی زمان، یان کەمی ئەندامانی پۆلێک پرۆسەی بە بەندبون و بەسەربەخۆبون ڕودەدات. (بڕوانە: نمونەکانی ١/ ٢/ ١- ١/ ٢/ ٢).

٢/١ /١ / پۆلگۆڕین لە مۆڕفیمی سەربەخۆوە بۆ بەند (بەبەندبون)

پرۆسەی پۆلگۆڕین، لە مۆڕفیمی سەربەخۆوە بۆ بەند، بریتییە لە گۆڕینی پۆلی وشەیەکی سەربەخۆ بۆ بەند، کاتێک وشەیەک لە پۆلی خۆی دەپەڕێتەوە بۆ پۆلێکی دیکە، کە هەندێکجار بە پرۆسەی بەمۆڕفۆلۆژیبون"morphologization" ناودەبرێت؛ وەک لە نمونەی (a-b-٤)ی، زمانی باسکی

"Basque"دا، دەردەکەوێت، کە پێشتر وەک وشەیەکی سەربەخۆ بە واتای "کۆمپانیا" هاتوە، بەڵام لە ئێستادا وەک مۆرفیمێکی بەند لەو زمانەدا دەبینرێت.

٤-a-Kide (کۆمپانیا)

b-gure kidean (کۆمپانیاکەمان) (Trask: 2015: 107).

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی ئەم مۆرفیمە سەربەخۆیانە پۆلی خۆیان دەگۆڕن، بەڵام بەهەمان واتا و چەمکەوە دەبن بە مۆرفیمی بەند و چەمکە سەرەکییەکە ون ناکەن؛ لەگەڵ ئەوەشدا، (بەشێک لە مۆرفیمە بەندەکان پێشتر وشە و لێکسیکی سەربەخۆبون، بەڵام بەگوێرەی گۆڕان و پێویستی زمان، بەرەو پۆلی گیرەکەکان چون و سیما و فۆرمی گیرەکیان وەرگرتوە؛ وەک لە نمونەی (٤)دا، دەردەکەوێت بەر لە بەندبون، وەک وشەیەکی سەربەخۆ لە فەرهەنگی زمانەکەدا دەرکەوتوە.) ( Booij: 2005: 85- 86). ئەگەرچی هەندێکیان بەگوێرەی دەوروبەری زمانی، بە هەردوک شێوە دەردەکەون؛ واتە سەرەڕای بە بەندبونیان هێشتا لە هەندێکباردا، فۆڕمە سەربەخۆکەشیان ماوە. بۆ ڕونکرنەوە سەرنجی نمونەکانی (٥، ٦)بدە:

٥- ئ- من بۆ بازاڕ دەچم. (مۆرفیمی سەربەخوی ئەرکی)

ب- من بۆچونەکەتم بەدڵە. (مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ)

٦- ئ- خانەی نەوجەوانان. (مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی)

ب- چاپخانە (مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ)

بە تەماشاکردنی نمونەکانی (٥، ٦) دەبینرێت، کە لە نمونەی (٥- ئ)دا، (بۆ) مۆرفیمێکی سەربەخۆی ئەرکییە، ئەرکی واتایی و ڕێزمانی وەک لێکسیمێکی سەربەخۆ جێبەجێدەکات و هەڵگری سیمای واتایی [+ئاڕاستە]یە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمان واتاو چەمکەوە لە نمونەی (٥- ب)دا، لەشێوەی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ چوەتە سەر بنکەی (چون) و وشەیەکی فەرهەنگی نوێی داڕشتوە. ئەمەش بە پرۆسەی بەبەندبون هەژماردەکرێت.

بێگومان نمونەی (٦)یش، هەمان لێکدانەوەی بۆدەکرێت.

٢/١ /٢: پۆلگۆڕین لە مۆرفیمی بەندەوە بۆ سەربەخۆ (بەسەربەخۆبون)

دیوێکی تری پۆلگۆڕینە، بە پێچەوانەی بەبەندبون، واتە گۆڕانی پۆلی مۆرفیمێکی بەندە بە ئاڕاستەی سەربەخۆ، دەرکەوتنی وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و بەتەنیا و بەبێ گیرەک هەڵگری چەمک و واتای

سەربەخۆبێت. دەشێ وەک پرۆسەی مۆرفۆلۆژی سەیربکرێت، چونکە گۆڕانی پۆلێکی مۆرفیمە لە پۆلیکەوە بۆ پۆلێکی تر، بە ئاراستەی بەسەربەخۆبون.

هەرچەندە لە زمانی کوردیدا، ڕەگی کردار بەگشتی وەک بنکەی بەند، دەردەکەوێت، واتە دەچێتە پۆلی مۆرفیمە بەندەکان، چونکە ((بنکەی بەند/ ڕەگی کردار، لەڕوی فۆرمەوە بەندە، بەڵام لەڕوی واتاوە سەربەخۆیە.)) (سەمیرە تۆفیق یونس: ٢٠١٣: ٥٩). لەبەرئەوەی (دوای لێکردنەوەی سەرجەم گیرەکە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگ/ بنکەی بەندە.) (Imamovic: 2017: 63)، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵگری واتاو چەمکی سەربەخۆیە، بۆیە هەندێک ((ڕەگی کرداری کوردیی لەشێوەی مۆرفیمێی سەربەستدا بەدەردەکەون.)) (حاتەم ولیا محەمەد: ٢٠٠٩: ١٢٢). بڕوانە نمونەکانی خوارەوە:

٧- ئ- داهێن/ کارگەی بلۆکی داهێن. (مۆرفیمی سەربەخۆ)

ب- ترس/ من ترسم لەوکارە هەیە. (مۆرفیمی سەربەخۆ)

پ- لەرز/ لەرز دایگرتم. (مۆرفیمی سەربەخۆ)

ئەگەر سەرنج لە نمونەکانی (٧) بدەیت، دەبینرێت هەریەکە لە ڕەگی کردارەکانی (داهێنان، ترسان، لەرزین) سەرەڕای بەکارهێنانیان وەک ڕەگی کردار لە زمانی کوردیدا، بەڵام بەگوێرەی دەوروبەر لە هەندێکباردا بەشێوەی فۆرمی سەربەخۆش بەکاردەهێنرێن؛ هەرچەندە بە بەراورد بە پرۆسەی بەبەندبون، کەمتر هەستپێدەکرێت، چونکە ((زمانی کوردی لەڕوی پۆلێنی مۆرفۆلۆژییانەوە زیاتر لەناو گروپی زمانە لکاوەکاندایە.)) (شیروان حسین حمد: ٢٠١٨: ١٤). بۆیە دەشێ بگوترێت زمانە لکاوەکان، زیاتر بە ئاڕاستەی بەبەندبونن، بە بەراورد بەسەربەخۆبون. ئەوەش بەپێی نمونەکانی نێو ئەم توێژینەوەیە.

٣/١: پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفیمی فەرهەنگی و ڕێزمانیدا

مۆرفیمە فەرهەنگییەکان "Lexical morphemes" ئەوانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری چەمکی فەرهەنگین، لە شێوەی سەربەخۆ و بەند دەردەکەون، (سەربەخۆکانیان، کەتیگۆرییەکانی وەک، ناو، کرار، هاوەڵناو...هتد، دەگرێتەوە.) (Fromkin: 2000: 26). بەندەکانیشیان ئەوانەن، کە بە (مۆرفیمە وشەدرێژەکان "Derivational morphemes" ناویاندەبرێت.) (Finch: 2005: 100).

لەبەرانبەر ئەوەدا، مۆرفیمە ڕێزمانییەکان "Grammatical morphemes" ئەوانەن، کە لە سنوری فرێز و ڕستەدا کاردەکەن و هەڵگری چەمکی ڕێزمانین. سەربەخۆکانیان وەک، ئامرازەکانی لێکدەر، پەیوەندی...هتد؛ بەندەکانیشیان ئەوانەن، کە ئەرکیان ئاماژەکرنە بە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، (دەچنە سەر

وشە و دۆخی جیاوازی ڕێزمانی دەگەیەنن، بە وشەگۆڕ "Inflectional morphemes" ناودەبرێن.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٤٧- ٤٨).

پرۆسەی پۆلگۆڕین لەنێوان ئەم دو پۆلەی مۆرفێم، بەدیدەکرێت، واتە هەریەکەیان بەپێی پیویستی و گۆڕانی زمان دەچنە سنوری یەکتر و لەوێدا چالاکییەکانی زمان نیشاندەدەن، ئەمەش (دوبارە سودوەرگرتن لە کەرەستە ئامادەکراوەکانی وەچە ئاستیک و پەڕینەوەیان بۆ وەچە ئاستێکی ترە، کە بە پرۆسەی بە فەرهەنگیبون و بەڕێزمانیبون ناویدەهێنرێت.) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠٢٠: ٢).

واتە مۆرفێمێکی فەرهەنگی، یان ڕێزمانی توانای ئەوەی هەیە، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا پۆلەکەی بگۆڕێت؛ لە فەرهەنگییەوە بۆ ڕێزمانی، یان بە پێچەوانەوە.

٣/١ /١: بەفەرهەنگیبون

بەفەرهەنگیبون وەک لەناو و ناوەڕۆکەکەیدا دیارە، بریتییە لە پرۆسەی بەفەرهەنگیبونی مۆرفێمێکی ڕێزمانی و پەڕینەوەی بەرەو پۆلی مۆرفێمە فەرهەنگییەکان، چونکە ((نمونەی وا هەیە لە زماندا، مۆرفێمەکە لەڕوی ئەرکەوە گۆڕانی بەسەردا هاتوە، واتە لەسەرەتادا، سینتاکسی/ ڕێزمانی بوە، بەڵام لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی زماندا، بوە بە وشەداڕێژ/ فەرهەنگی.)) (شێرکۆ حمەئەمین قادر: ٢٠٠١: ٢٩).

ئەگەر سەرنجی هەر یەکە لە مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەکانی (ان، نا) لە نمونەکانی (٨، ٩/ ئ)، هەروەها مۆرفێمی ئەرکی (ئەگەر) لە نمونەکانی (١٠/ ئ) بدەیت، دەبینیت، کە هەڵگری چەمکی ڕێزمانین و ئەرکی ڕێزمانی لەنێو یەکە زمانییەکاندا دەگێڕن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە نمونەکانی (٨، ٩، ١٠/ ب)دا، ئەرک و پۆلیان گۆڕاوە، بە ئاراستەی مۆرفێمە فەرهەنگییەکان. بۆ ڕونکردنەوە سەیری نمونەکان بکە:

٨- ئ- کوڕ<u>ان</u>، کچ<u>ان</u> (مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی)

ب- گوندی خدر<u>ان</u>، گەڕەکی مامۆستای<u>ان</u> (مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژ)

٩- ئ- <u>نا</u>چم، <u>نا</u>ڕۆم (مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی)

ب- <u>نا</u>خۆش، <u>نا</u>پاک (مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژ)

١٠- ئ- <u>ئەگەر</u> بخوێنیت، دەردەچیت. (مۆرفێمی سەربەخۆی ئەرکی)

ب- <u>ئەگەر</u>ەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت. (مۆرفێمی سەربەخۆی فەرهەنگی)

ئەگەر سەیری نمونەی (٨- ئ) بکەیت دەبینیت، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (-ان) لە زمانی کوردیدا، ئەرکی کۆکردنەوەی ناو دەبینێت، هەڵگری سیمای [+کۆکردنەوە]یە، لە پۆلی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانە، بەڵام لە نمونەی (٨- ب)دا، پۆلەکەی گۆڕاوە، بەرەو ئاراستەی مۆرفیمی فەرهەنگی، چونکە دو وشەی نوێی داڕشتون، هەرچەندە سیما واتاییە سەرەکییەکەی [+کۆکرنەوە]ی، پاراستوە. بەدەر لەوەش سیمای [+دیاریکردن، +تایبەت]ی، بە وشەکان بەخشیوە، چونکە ((پاشگری کۆی /-ان/ ڕۆڵی لە دیاریکردندا دەردەکەوێت، پاشگرەکە ناوی شوێنە دروستکراوەکە دەکات بەناوێکی دیاریکراو.)) (محەمەدی مەحویی: ٢٠٢١: ٤١٢).

ئەمە وەنەبێت ئەم جۆرە پۆلگۆڕینە تەنها لەنێو مۆرفیمە بەندەکاندا ڕوبدات، بەڵکو مۆرفیمە سەربەخۆکانیش بەدەرنین لەوە. بۆ نمونە ئەگەر سەیری (١٠- ئ) بکەیت، دەبینرێت (ئەگەر) وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆی ئەرکی دەردەکەوێت، ئەرکی سینتاکی بینیوە و ئامرازی گەیەنەرە، هەڵگری چەمکی ڕێزمانییە، بەڵام لە نمونەی (١٠- ب)دا، وەک یەکەیەکی فەرهەنگی نیشانە ڕیزمانییەکانی ناوی وەرگرتوە، وەک ناو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە پۆلەکەی لە ڕێزمانییەوە گۆڕاوە بۆ فەرهەنگی. ئەمە بۆ نمونەی (٩)یش، هەر دروستە چونکە هەریەکەیان بە پرۆسەی بەفەرهەنگیبوندا تێپەڕیون.

### ٢/٣/١: بەڕێزمانیبون

بەڕێزمانیبون "grammaticalization" (زاراوەیەکە، بۆ یەکەمجار لەلایەن "Meillet" لە ساڵی "١٩١٢" بەکارهێنراوە، ئاماژەکردنە بە پرۆسەی گۆڕانکاری یەکەیەکی زمانی، لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، کە ئەرکێکی ڕیزمانی بەدەستدەهێنیت، لەگەڵ پاراستنی واتا و بەشێک لە سیما واتاییەکانی یەکەکە، لەپاشان پەڕینەوەی بۆ پۆلەکەی تر.) (Bussmann: 1998: 486). واتە ئەمەشیان پرۆسەی پۆلگۆڕینە، بەڵام ئەمە وا دیارە ئاڕاستەکەی بە پێچەوانەی بەفەرهەنگیبونە، بەڵام (پرۆسەیەکی هاوبەشە لەگەڵ بەمۆرفۆلۆژیکردن/ بەفەرهەنگیبون، چونکە پێشتر ئەوە نیشاندرا، کە وشە، یان مۆرفیمی بەندی ڕیزمانی پۆلەکەی دەگۆڕێ بە ئاڕاستەی فەرهەنگی، بۆیە بەپێچەوانەشەوە ئەمە ڕودەدات.) (Trask: 2015: 134). واتە پەڕینەوەیە لە فەرهەنگەوە، بۆ ڕێزمان/ سینتاکس، کە بە بەڕێزمانیبون ناوی دەهێنرێت. بڕوانە، نمونەکانی (١١):

1- ئ- سەری ئەو، زۆر گەورەیە.

ب- سەرلێدان

پ-ئەو، لەسەر شاخەکەیە.

ت- ئەو چوە سەربان.

بەسەرنجدان لە نمونەی (١١- ئ) دەبینرێت، وشەی (سەر) بە واتای فەرهەنگی ئەندامی لەش (سەری مرۆڤ) بەکارهاتوە، هەڵگری سیما واتاییەکانی [+سەر +شوێن]ە، بەڵام لە نمونەی (١١- ب)دا، بە واتای میتافۆری وەک ناو دەرکەوتوە، بەڵام لە نمونەی (١١- پ)دا، پریپۆزیشنی (لەسەر)، کە لە ئەنجامی فرەواتایی یەکەمەوە هاتۆتە ئاراوە، جیاوازە لەوە، چونکە (لەم پرۆسەیەدا، وشەکە لە لێکسیکێکی تاکی فەرهەنگییەوە بۆ مۆرفیمێکی گشتی ئەبستراکتی ئەرک بین لە سینتاکسدا گۆڕاوە، جۆرێک لەو گۆڕانەش، پەڕینەوەی وشەی فەرهەنگییە بۆ پریپۆزیشن. لە تێکڕای ئەو پریپۆزیشنانەشدا، کە لەوەوە سازبون دەربڕی چەمکی [+شوێن]ن.) (فاروق عومەرسدیق:٢٠١٧: ٢٤٩- ٢٥٣). ئەوەش دەرخەری واتای ڕێزمانی یەکەکەیە، وەکو وشەیەکی سەربەخۆی ئەرکی لە سنوری ڕێزماندا. هەمان لێکدانەوەش بۆ نمونەی (١١- ت) دەکرێت، کە وەک هاوەڵکارێکی شوێنی هەڵگری چەمکی شوێنە.

٤/١: پۆلگۆڕین لەنێوان نوسەک و گیرەکدا

نوسەک "Clitic" ڕەگەزێکی زمانییە لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا کاردەکەن؛ جیاوازن لە گیرەک "Affixes"، بەوەی کە هەندێک تایبەتمەندی وشەیان تێدایە و دەتوانن ئەرکە ڕێزمانییەکانی وەک: بکەر، بەرکار، تەواوکەر...هتد، ببینن، بۆیە (لەنێوان گیرەک و مۆرفیمی سەربەخۆدا، نوسەکەکان وەک جۆرێک لە فۆرمەکانی وشە سەیردەکرێن.) (Haspelmath: 2002: 151- 152)، چونکە نوسەکەکان (خاوەنی دو فۆرمن، فۆرمێکی پڕ و یەکێکی کورتکراوە، ئەوەش جیای دەکاتەوە لە گیرەک.) (محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦: ٣٣). بەڵام گیرەکەکان (هەرگیز وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەون.) (کەوسەر عزیز ئەحمد: ١٩٩٠: ٢٨). یەکێک لە جیاوازییە هەرە دیارەکانی نێوان نوسەک و گیرەک، ئەوەیە، کە نوسەکەکان (لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، بە زۆربەی پۆلەوشە/ کەتیگۆرییەکانەوە دەلکێن و وشەی خانەخوێ "host" هەڵدەبژێرن، بە بەراورد بە گیرەکەکان ئازادی جوڵەیان زۆرترە.) (Crystal: 2008: 80)، (Chalker & Winer: 1994: 67).

لەگەڵ ئەوەشدا نوسەکەکان هەرگیز نابن بە بەشێک لە وشەکان، ئەوەش جیای دەکاتەوە لە گیرەکەکان، بەتایبەت گیرەکە فەرهەنگییەکان. نمونەی نوسەک لە زمانی کوردیدا، بریتین لە جێناوەلکاوەکان، کە بەگوێرەی شوێنی هاتنیان، دابەشدەبن، بۆ (بەرگر "Proclitic" و دواگر "Enclitic".) (Katamba: 1993: 245) گیرەکەکانیش لەڕوی واتا و ئەرکەوە بریتین لە (گیرەکە فەرهەنگییەکان/ وشەداڕێژ، ڕێزمانییەکان/ وشەگۆڕ؛ بەگوێرەی شوێنی هاتنیشیان، بە شێوەی پێشگر، پاشگر، ناوبەند...هتد، دەردەکەون.) (Haspelmath: 2002: 15- 19). بۆ نیشاندانی جیاوازی و تایبەتمەندی نوسەک و گیرەک، بڕوانە نمونەکانی (١٢، ١٣، ١٤):

١٢- ئ- پەرتوکەکەم خوێندەوە. پەرتوکەکەمان خوێندەوە.

ب- پەرتوکەکەی ئێوەم خوێندەوە. پەرتوکەکەی ئێوەمان خوێندەوە.

پ- پەرتوکەکەی ئێوە دەخوێنمەوە. پەرتوکەکەی ئێوە دەخوێنینەوە.

سیمایەکی دیاری نوسەکەکان، توانای جوڵەیە لەسەر بنکە/ وشەکان، وەک لە نمونەکانی (١٢)شدا، دەبینرێت، جێناوە لکاوەکان لە تەواوی نمونەکاندا وەک نوسەکێک ئەو تایبەتمەندییەی تێدایە، بەڵام گیرەکەکان بەگشتی ، ئەو توانایەیان نییە، وەک لە نمونەکانی (١٣، ١٤) نیشاندراوە:

١٣- ئ- سەیرانگە

ب- *باشگە

١٤- ئ- دەچم

ب- *دەسەیران

ئەگەر سەرنجی نمونەکان بدەین، دەبینین لە نمونەی (١٣- ئ) گیرەکی فەرهەنگی (-گە) تەنها بەناوەوە دەلکێت، بەدەر لەوە نارێزمانی لێدەکەوێتەوە، وەک لە نمونەی (١٣- ب)دا، دیارە؛ هەروەها گیرەکی ڕیزمانی (دە-) تەنها دەچێتەسەر کردار، وەک لە نمونەی (١٤- ئ)دا، دەردەکەوێت، بەپێچەوانەوە ناتوانێت بە هیچ پۆلێکی ترەوە بلکێت، وەک لە نمونەی (١٤- ب) دیارە؛ بەڵام هەندێکجار ئەم دو چەشنە (نوسەک، گیرەک)[7] بەگوێرەی چالاکییان سنوری یەکتر دەبەزێنن، دەپەڕنەوە نێویەکتر و پرۆسەی پۆلگۆڕین ڕودەدات.

## ١/٤/١: **بەنوسەکبون** "Cliticization"

ئەم دیاردەیە، بریتییە لە پرۆسەی پۆلگۆڕینی گیرەکێک، بە ئاڕاستەی نوسەک. ئەمەش بە وەرگرتنی یەکێک، یان چەند سیمایەکی نوسەکە. وەک پێشتر باسکرا یەکێک لە سیما و تایبەتمەندییەکانی نوسەک جوڵەیە، ئازادە لە هەڵبژاردنی بنکەو یەکەکانی نێو ڕستە، بەو ئەندازەیەی سنور و یاساکانی زمان نەبەزێنێت، بەڵام گیرەکەکان ئەو ئازادییەیان نییە؛ کەچی هەندێکجار گیرەکێک دەبێتە هەڵگری سیمای جوڵەداری و وەکو نوسەک ڕەفتاردەکات، چونکە هەندێک لە ((ئەوانەی بە گیرەکی ڕێزمانی دانراون، توانای گۆڕینی بنکەکانیان هەیە.)) (شیروان حوسێن خوشناو: ٢٠١٦: ١٠٤). سەرنجی نمونەی (١٥) بدە:

١٥- ئ- منداڵەکە، هات.

ب- منداڵە ژیرەکە، هات.

پ- منداڵە ژیرە زیرەکەکە، هات.

ئەگەر سەرنجی مۆرفیمی (-ەکە)ی، ناسیاری بدەیت، لە نمونەی (١٥- ئ)دا، کە لە بنەڕەتەوە سەر بە پۆلی گیرەکە ڕێزمانییەکانە، وەکو گیرەگێک لەسەر ناوەکە، دەردەکەوێت، بەڵام لە نمونەی (١٥- ب)دا، مۆرفیمەکە جوڵەی کردوە بۆسەر بنکەیەکی دیکە، ئەوەش لە ئەنجامی فراوانکردنی فرێزە ناوییەکە بە هاوەڵناوێکی چۆنیەتی (ژیر)؛ هەروەها لە نمونەی (١٥- پ)دا، چوەتەسەر هاوەڵناوی (زیرەک). هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە بەهۆی مۆرفیمی دانەپاڵی (ە) فراوانکراوە، مۆرفیمی ناسراوییەکەش چۆتەسەر هاوەڵناوەکە، بەڵام هەر بۆناوەکە دەگەڕێتەوە. ئەوەش وەک ڕەفتارێکی تایبەتی نوسەکەکان سەیردەکرێت؛ بۆیە دەشێت لەو دەوروبەرەدا بەهۆی چالاکی ئەو گیرەکە ڕێزمانییەوە، هەبونی سیمای [+جوڵە]، سیمای بەنوسەکبونی پێبدرێت.

٤/١ /٢: بەگیرەکبون "Affixation"

بەگیرەکبون، پڕۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگییە، تێیدا یەکەیەکی زمانی، وەک وشە، یان نوسەک پۆلەکەی دەگۆڕێت بە ئاڕاستەی گیرەکی فەرهەنگی، یان ڕێزمانی. ئەوەش وەک بنەمایەکی گرنگی ئابوری و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستەو ئاماژەی بۆدەکرێت، گۆڕانی پۆلی نوسەکەکانە بە ئاڕاستەی گیرەک، بۆیە ((بەشێک لە پڕۆسەی بەڕێزمانیبونی کەرەستە زمانییەکان، خۆیان لە چوارچێوەی بەگیرەکبوندا دەستەبەردەکەن.)) (شیروان حسین حمد: ٢٠٢٣: ٧٢٣). وەک لە خوارەوە شیکرنەوەی بۆکراوە.

١٦- ئ- ڕۆمانەکەمان خوێندەوە.

ب- ئازاد، خۆمانەیە بۆیە ئەو قسانەی لا باسدەکەم.

پ- مریشکی خۆمانە/ خۆماڵی بەتامترە.

وەک دەزانرێت، جێناوەلکاوەکان لە پۆلی نوسەکەکانن، ئەرکی ڕێزمانی لە ڕستە و فرێزەکاندا جێبەجێدەکەن، وەک لە نمونەی (١٦- ئ)دا، دیارە، جێناوی لکاوی (مان) ئەرکی بکەری بینیوە؛ بەڵام لە نمونەی (١٦- ب پ)دا، نوسەکی (مان)، لە وشەی (خۆمانە)دا، ئەرکە ڕێزمانییەکەی گۆڕاوە، وەک گیرەکێکی وشەدارێژ، وشەیەکی فەرهەنگی نوێی لە چەشنی مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی دارشتوە، چۆتە نێو دارشتەی وشەکەوە؛ هەرچەندە چەمکە سەرەکییەکەی کە سیما واتاییەکانی [+کۆ، +کەس]ن، لە دەستنەداوە، تەنها پۆلی گۆڕاوە وەک گیرەکێکی وشەدارێژ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە وشەی (خۆمانە) کە وەک

هاواتای (خۆماڵی، کەسی نزیک) بەکاردەهێنرێت، وەک وشەی فەرهەنگی بە سەربەخۆیی دەچێتە نێو فەرهەنگەوە. ئەوەش وەک پڕۆسەی بەگیرەکبونی مۆرفیمەکە سەیردەکرێت.

هەریەکە لەم پڕۆسانەی لەم بەشەدا باسکران، وەک (بەسەربەخۆبون، بەبەندبون، بەفەرهەنگیبون، بەڕێزمانیبون، بەنوسەکبون، بەگیرەکبون) لە ئێستادا هەردوک بەکارهێنانیان هەیە، بەڵام دەگونجێت یەکێک لە بەکارهێنانەکانیان سستر، یان چالاکتربێت، بە بەراورد بە ئەوی دیکەیان.[٨]

## بەشی دوەم: پۆلگۆڕینی فرێزی هەڵگەڕاوە

بەرلەوەی باسی پۆلگۆڕینی فرێزی هەڵگەڕاوەو چەشن و پێکهاتەکەی بکرێت، تیشکدەخرێتەسەر فرێز و پێکهاتەکەی بەگشتی، چەشنی ئەو فرێزانەی وەک یەکەی چەسپیوی بەلێکسیمبو هاتونەتە نێو فەرهەنگی کوردی. لەپاشان فریزی هەڵگەڕاوەو تایبەتمەندییەکانی دەخرینەڕو و شیکردنەوەیان بۆدەکرێت.

١/٢ / فرێز و پێکهاتەکەی

ڕستە، وەک گەورەترین یەکەی ڕێزمانی لە چەند پێکهاتەیەکی سەرەکی پێکدێت. (سادەترین ڕستەش لە زماندا لە دو فرێز پێکدێت، ئەوانیش، فرێزی ناوی "Noun phrase" فرێزی کرداری "Verb phrase"ن، ئەمەش وەکو مۆدێلێک بۆ چۆمسکی و کتێبەکەی بەناوی پێکهاتە سینتاکسییەکان "Syntactic structure" دەگەڕێتەوە.) (Chomsky: 1985: 27). بۆیە سێ لایەنی زانیاریی سینتاکسیی قسەکەر لە پێکهاتەی فرێزەکاندا نیشاندەدرێن، ئەوانیش (١- ڕێزبەندی هێڵی وشەکانی نێو ڕستە. ٢- بەگروپکردنی وشەکان بۆ کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان.

٣- پێکهاتەی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان، کە خۆی لە ئەرک و چەشنەکانی فرێزدا دەبینێتەوە.) (Fromkin & Rodman & Hyams: 2003: 128- 129) ئەمەش وەک چالاکی قسەکەر و زمانی مرۆڤ سەیردەکرێت، چونکە ((زمان ڕێگەی جۆراوجۆری بۆ پێکهێنان و لێکدانی دەربڕینەکان بەوردی دابینکردوە، لەناو ئەو ڕێگایانەدا فرێزەکان هەن و هەمو ئاوێتەبون و لێکدانێک بە بەرهەمی ئەمان دادەنرێت.)) (شیلان عومەر حسەین: ٢٠١٢: ٦٣).

لەبەرئەوەی فرێزەکان لە پێکهێنی بچوکتر پێکدێن، بۆیە ((بەپێی ئەمە فرێز پێکهێنێکی ناوەندییە و دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە، لەڕوی ڕۆنانەوەش لە وشە گەورەترە و لە ڕستەش بچوکترە.)) (حاتەم ولیا محەمەد: ٢٠٠٩: ٧٠)، چونکە ((ئەگەر ڕستە لە وشە دروستبوایە، ئەوا دەتوانرا وشەکان بەویستی مرۆڤ بقرتێنرێن و لە تەکیشیدا هەر دروستەی ڕستەیەکی ڕێزماندروست و واتاڕاست دەستبکەوێت.)) (عەبدولجەبار مستەفا

مەعروف: ٢٠١٠: ١١)، ئەگەرچی هەندێکجار لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکاندا، دەقرتێنرێن. لەبەرئەوە ڕستە ((لە فریز پێکدێت، فریزیش لە وشە و مۆرفیم.)) (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠٢٠: ٢٠).

بەگشتی فرێزەکان فرەچەشنن ، وەک (فرێزە فەرهەنگییەکان "Lexical phrases"، کە بریتین لە فرێزی- ناوی، کرداری، هاوەڵناوی، بەند، ...هتد، ناوی هەریەکێک لەوانە، بەناوی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکەیەوەیە، واتە سەرەی فرێزی ناوی، ناوێکە سەرەی فرێزێکی کرداری، کرارێکە...هتد؛ سەرەی فرێزێکی ناوی ((لە سادەترین ڕۆناندا لە ناوێک پێکدێت و بۆ گەورەترین ڕۆنانیش کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بەڵام لەڕوی کارەکییەوە هەمو فرێزێک کۆتاییەکی داخراوی هەیە، چونکە سنورداریی توانای دەربڕینی ئاخێوەرو سنورداریی توانای تێگەیشتنی گوێگریش، ڕێگە لە بێ کۆتابونی درێژی فرێز دەگرن.)) (دیار علی کمال: ٢٠٠٢: ٣٩).

پێکهێنەکانی فرێز بەگشتی زۆرن، بەڵام ئەوەی ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە، پێکهێنەکانی فرێزی ناوییە، چونکە فرێزی هەڵگەڕاوە، بەر لە پرۆسەی بەلێکسیمبون وەک فرێزی ناوی ڕەفتاری سینتاکسی دەکات. بۆیە ((هەمو فرێزێکی ناوی کەرەستەیەکی سەرەکی تێدایە، کە بە ناو ناسراوە، واتە سادەترین فرێزی ناوی لە سەرەیەک پێکدێت، کە دەشێت ناوێک بێت، نیشانەی (+تایبەتی) هەبێت.)) (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠٢٠: ٢١). لەلایەکی دیکەوە دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی فراواندەکرێت، بەهۆی دیاریکەرەکانی (ناسراوی، نەناسراوی ...هتد). هەروەها دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی فراواندەکرێت، بەهۆی دەرخەرەکانی پێشەوە و دواوە، کە دەرخەرەکانی پێشەوە بریتین لە (ژمارە، ڕادە، تاکبەند، هاوەڵناوی نیشانە ...هتد.) (دیار علی کمال: ٢٠٠٢: ٤٤)، دەکەونە پێش دەرخراو/ سەرەوە. دەرخەرەکانی دواوەش بریتین لە (ناو، هاوەڵناو، جێناو ...هتد)؛ پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کەرەستەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، فرێزی هەڵگەڕاوەیە، پێکهێنە سەرەکییەکانی ئەم چەشنەی فرێزیش بریتین لە (دەرخەر و دەرخراو) ئەوانیش لە ڕێگەی ناو، هاوەڵناوەوە نمایش دەکرێن؛ واتە بەر لە پرۆسەی هەڵگەڕاوە و بەلێکسیبون فرێزە ناوییەکان، بە یاسای (ناو، ناو) یان (ناو، هاوەڵناو) بەهۆی مۆرفیمی خستنەسەرەوە دەدرێنە پاڵ یەکتری. لە فرێزی چەسپاودا بە هەمان فۆرمەوە دەبن بە لێکسیمی سەربەخۆ و جێگیردەبن، بەڵام فرێزی هەڵگەڕاوە، لە دوای جێگۆڕکێی پێکهێنەرەکانی فرێزەکە، ئینجا دەبن بەیەکەی بەلێکسیمبوی نێو فەرهەنگ، ئەمەش لە ئەنجامی پرۆسەی گوێزانەوەی ئەو پێکهێنەرانەیە (دەرخراو، دەرخەر)، لە دروستەی قوڵەوە بۆ دروستەی ڕوکەش، ئەوەش بەپێی بنەمای گوێزانەوە، شیکردنەوە و شرۆڤەی بۆ دەکرێت، کە بەشێکە لە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی، کە یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی زمانەوانیی نوێ. (Crystal: 2008: 491- 492).

گویزانەوە، ((یەکێکە لەو کردە ڕستەسازیانەی، کە گرنگییەکی زۆری لە پێکهاتەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە هەیە، لەسەر زنجیرەیەک پێکهاتەی ڕێزمانی کاردەکات و دەیگۆڕی بۆ زنجیرەیەک پێکهاتەی نوێ.)) (یوسف نوری محەمەدئەمین: ٢٠١٥: ١٨). ئەوەش ((لە ڕێگەی کۆمەڵێک چالاکی مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا ئەنجامدەدرێن، یەکێک لەو چالاکیانەش جێگۆڕکێی کەرەستەکانە.)) (محمد قادر محمدامین: ٢٠٢١: ٦٠)، چونکە جێگۆڕکێ وەک یەکێک لە بنەما و یاساکانی تیۆرەکە هەژماردەکرێت؛ لەبەرئەوەی ((دوای ئەوەی لایەنی توانستی مرۆڤ، دروستەکان ئامادەدەکات لە دروستەی قوڵ و بنەڕەتدا، لە ڕێگەی دەنگ و نوسینەوە، ئەم دروستانە یاساکانی زمانیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، دەگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی مێشک (Out put) لە ڕێگەی دروستەی ڕوکەشەوە.)) (هەمان سەرچاوە: ٦١).

کەواتە، فرێز بەو یەکە سینتاکسییە دەگوترێت، کە پێکدێت لە سەرەو تەواوکەر (دەرخەر)ەکانی. وەک پێکهێنێکی ڕاستەوخۆ و سەرەکی هەڵگری ناوی ئەو پێکهێنە/ کەتیگۆرییە هەڵدەگرێت، کە وەک سەرەی فرێزەکە هەمو کەرەستەکانی تری پێوەبەندن.[١٠]

٢/٢: فرێزی چەسپاو و بەکارهێنانی وەک ناو[١١]

زمان بەردەوام لە گەشەکردنادایە، ئەوەش لە ئەنجامی پێویستی مرۆڤ و پێشکەوتن و هاتنەئارای بیر و داهێنانی کەرەستە و ئامێر و شتی تازەدایە، بۆیە ((وا پێویستدەکات، کە ناویان لێبنرێت، زمانیش بە تەنیا و بەو گەنجینە وشەیەی کە هەیەتی لە توانایدا نییە و فریای ئەوە ناکەوێت، کە بەو کەرەستە سنوردارەی لەباریدایە، ناو لە گشتیان بنێت، بۆیە بە پرۆسەی نیۆلۆگیزم "neologism" بە پێکهاتە زمانییە واتادارە پێشتر سازبوەکانی خۆیدا دەچێتەوەو بەرەو بەلێکسیمبون ئاڕاستەیان دەکات.)) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٧: ٢٧)، چونکە پرۆسەی ناولێنان بۆ هەر ناولێنراوێک، یان بە چەمککردنی بیرو تێڕوانینەکان، چالاکی و پەیوەندییەکانی مرۆڤ خێراتر دەکات.

بۆئەوەش مرۆڤ پەنا بۆ چەندین ڕێگا[١٢]و شێواز دەبات لەپێناو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی. لەبەرئەوەی (سەرجەم زمانەکان وەکو یەکتر سود لە ئۆپەراسیۆن/ پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی وەک: داڕشتن، لێکدان، تێکەڵکردن...هتد، وەرناگرن، بۆیە هەندێکجار پەنادەبەنەبەر ڕێگا و شێوازی تر.) (Booij: 2005: 45). یەکێک لەو ڕێگایانەی کە دەتوانێت وشە و بیری نوێ بەرهەمبهێنێت، وشەسازییە بەڕێگای سینتاکسی، ئەوەش ((یەکێکە لەو ڕێگا ئەکتیڤ و بەپێز و بە بەرهەمانەی کە لە گەشەکردن و پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا شوێن پەنجەی ڕون و ئاشکرا، دیارە.)) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٧: ٢٧٤). یەکێک لەو بەرهەمە بەبڕشت و چالاکانەی ئەو ڕێگایەش فرێزی چەسپاوە، بۆیە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا جۆرێک لە فرێز دێنە

ئاراوە، کە (بەگوێرەی ئەدگاری داڕێژەریی زمانەکە و بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە قاڵب وەردەگرن، وەک وشەی دەستەواژەیی "فریزی چەسپاو" یان لێدێت و وەک وشەی بەلێکسیمبوی زمان سەیردەکرێن.) (محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر، شیلان عومەر: ٢٠١٠: ١٢٦). بڕوانە نمونەی (١٧):

١٧- زانکۆی ڕاپەڕین

لە نمونەی (١٧)دا، (زانکۆی ڕاپەڕین) پێکهاتە قوڵ و بنەڕەتەکەی بەگوێرەی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی (دەرخراو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ دەرخەر) سازبوە، بەڵام لە ئەنجامی پێویستی زمان و ناونانی ناوەندێکی ئەکادیمی وەک، زانکۆ، هاتۆتەئاراوە و وەک یەکەیەکی چەسپاوی نێو فەرهەنگ سەیردەکرێت؛ چونکە (زۆربەی جار فریزەکان، هەمان ئەرکی وشە لێکدراوەکان دەبینن، تەنانەت هەندێک لە وشە لێکدراوە جێگیربوەکان، کە ئەرکی ناولێنانی شتەکان دەبینن، لە فریزەکانەوە سەرچاوەیان گرتوە، بەڵام لە ئەنجامی تێپەڕبونی کات و گەشەی زماندا، بون بە لێکسیکی فەرهەنگی.) (Booij: 2005: 82). بڕوانە نمونە هاوبەشەکەی زمانی کوردی و ئینگلیزی لە (١٨)دا:

١٨- مانگی هەنگوینی "Honeymoon" (هەمان سەرچاوە: ١٨).

نمونەی (١٨) وەک پێکهاتەیەکی میتافۆڕی لە هەردوک زماندا لەسەر بنەمای لێکسیمە پێکهێنەرەکانی (مانگ، هەنگوین) پێشبینی ناکرێت، بەڵکو وەکو یەک یەکەی بەلێکسیمبو/ چەسپاو، بە واتای میتافۆڕی لە ئەنجامی یاسایەکی سینتاکسی چۆتەنیو هەردوک فەرهەنگەوە، چونکە ((هەمو ئەو وشە و فریز و ڕستانەی کە واتای میتافۆڕییان هەیە، واتای فەرهەنگیشیان هەیە، بەڵام گوێگر هەمیشە بیری بۆلای واتا میتافۆڕەکە دەچێت.)) (بێستون حەسەن ئەحمەد: ٢٠١٨: ٤٠).

هەر پەیوەستبەوەوە، ((زمانی کوردی سەرباری لێکسیمە فەرهەنگییەکانی، بەلێکسیمبونی ئیدیەمیشی هەیە، بەوپێیەی ئیدیەمیش دربڕاوێکی چەسپاوە و کەرەستە ناوەکییەکانی زۆرکەم گۆڕانیان بەسەردادێت.)) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠٢٢: ٦- ٧)، چونکە ((لەڕوی سینتاکسییەوە، ئیدیۆمەکان تەواو بە چەسپاوی و قاڵبداری فۆڕمەکانیان دەناسرێنەوە.)) (شیلان عومەر حسەین: ٢٠٠٩: ٩٠). بڕوانە نمونەی ئیدیۆمی لە (١٩)دا:

١٩- ئاگری بن کا

لە ئەنجامی پێویستی زمان بۆ ناونان، (واپێویستدەکات، پەنا بۆ ئەو ڕێگایە ببرێت، چونکە هەندێکجار ناتوانرێت بە پڕۆسەی مۆرفۆلۆژی لە بەرانبەر ناوێک، یان دیاردەیەک، بە تەنها بەیەک لێکسیم ئامانجەکەی بپێکێت، بۆیە پەنادەبرێتەبەر ڕێگای سینتاکسی. بۆ ڕونکردنەوە سەیری نمونەی (٢٠) بکە:

٢٠- گوێزی هیندی

پێویستە ئەم نمونەیە لە فەرهەنگدا بنوسرێت، چونکە هیچ مۆرفیمێکی سەربەخۆی سادە نییە، کە بتوانێت ناوی ئەم پێکهاتەیە بگەیەنێت، تاکە ڕێگا بۆ ناولێنانی ڕێگای سینتاکسییە، بە فرێزی چەسپاو.) (Katamba: 1993: 65). یاخود زۆرجار (ناوی تایبەتی دەتوانێت ببێت بە سەرچاوە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بە پێکهاتەی فرێزی، دەبێتە دانەیەکی لێکسیکی.) (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٥٦- ١٥٧). بڕوانە نمونەکانی (٢١):

٢١- چای مەحمود، کەبابخانەی وەلید

کەواتە، دەتوانین بڵێین، ڕێگای سینتاکسی، لەنێویشیدا فرێزە چەسپاوەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ پرۆسەی ناونان، چونکە دەرخراو و دەرخەرەکانیان واتای ڕێزمانی خۆیان لەدەستداوەو بون بە یەکەی فەرهەنگی، ((وەک یەک وشە هەڵسوکەوت دەکەن.)) (بێستون حەسەن ئەحمەد: ٢٠١٢: ١٢١). پێکهاتەی ئەم جۆرە فرێزەش بە چەند شێوەیەک بنیاتدەنرێت، هەندێک لەوانەش وەک:

یەکەم/ (دەرخراو+ ئامرازی خستنەسەر+ دەرخەر) وەک:

٢٢- ئـ- گەڕەکی سەرا (ناوی شوێن)

ب- پرۆفیسۆری یاریدەدەر (ناسناوی زانستی)

پ- زانستی زمان (ناوی زاراوە)

ت- دەسکی دەرگا (ناوی شت)

ح- پشتەسەر (ناوی ئەندامی لەش)

ئەمەش ئەوە دەردەخات، (بەهۆی یەکگرتنی هەر یەکە لە دەرخەرەکان و یەکگرتنیان لەگەڵ سەرەکانیاندا، بونەتە فرێز، لەدوای ئەوەی بە قۆناغی پێکهاتەی سینتاکسیدا تێپەڕیون، دروستەکان بە هەمان فۆرمە سینتاکسییەکانیانەوە، چونەتە نێو فەرهەنگ و بونەتە لێکسیم/ دانەی فەرهەنگی.) (سازان زاهیر سەعید: ٢٠١٩: ٤٠).

دوەم/ (دەرخراو+ دەرخەر) وەک:

٢٣- ئـ- پەردە پەنجەرە (ناوی شت)

ب- چاوپیس (ئیدیۆم)

نمونەکانی (٢٣) بەرلە پرۆسەی بەلێکسیمبون، دروستە قوڵەکانیان (پەردەی پەنجەرە، چاوی پیس) بون، بەڵام دوای پرۆسەی گوێزانەوە دروستە ڕوکەشەکانیان ئەو فۆڕمەیان وەرگرتوە و بەهەمان فۆڕمەوە چونەتە نێو فەرهەنگەوە.

سێیەم/ (دەرخراو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ دەرخەر+ گیرەک) وەک:

٢٤- ئـ- گۆڤاری نێوخۆ/ گۆڤاری نێوخۆیی

ب- کۆشکی کۆمار/ کۆشکی کۆماری

((بەپێی ئەمە ڕەنگە تەنیا فرێزە بەفەرهەنگیبو/ بەلێکسیمبو-ەکان، ببن بە بنکەی یاساکانی وشەڕۆنان.)) (شیروان حوسین حمد، شماڵ زکی حسێن: ٢٠٢٣: ٣٩٢)، هەرچەندە (هیچ وشەیەک لە درێژیدا بێکۆتا نییە، بەڵام سنورێکی دیاریکراویش بۆ درێژی فۆڕمی وشەکان نییە.) (Katamba:1993: 66).

لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیی توخمەکان لە دۆخێکی ڕیزمانیدایە و گۆکردنی ڕێزمانی/ سینتاکسییان هەیە، بەڵام دەتوانن ئەرکی واتایی بەجێبهێنن، چونکە هەریەکەیان بۆ ناولێنانی (شتێک، شوێنێک، دیاردەیەک...هتد)ن، ئەوەش هاوبەشی و تێکچڕژانی نێوان هەر دوک وەچەئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس نیشاندەدات.

بۆیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، هەرچەندە پێکهاتەی ئەم یەکەیە (فرێزی چەسپاو)، پێکهاتەیەکی سینتاکسی هەیە و لە فۆڕمی فرێزدا دەردەکەوێت، بەڵام پلەیەکی چەسپیوی هەیە، بە بەراورد بە (فرێزی ئاسایی)، کە دەگونجێت هەندێکیان پێکهێنەکانیان وەک یەکتری بن، بەڵام لەبەر پێویستی زمان دەتوانێت وەک یەک وشە ڕەفتاربکات؛ چونکە فرێزی ئاسایی بەکارهێنانی سینتاکسی هەیە و ئەرکە سینتاکسییەکان جێبەجێدەکات، بەڵام فرێزی وەک تاکە لێکسیمێک دەردەکەوێت و بەکارهێنانی فەرهەنگی هەیە.

٣/٢: فرێزی هەڵگەڕاوە، چەمک و پێناسە

وەک پێشتر باسکرا، فرێز یەکەیەکی ئاستی سینتاکسە، بەڵام پەڕینەوە و پۆلگۆڕین لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دیکە، وەک دیاردەیەکی زمانی لە زۆربەی زمانەکاندا بەدیدەکرێت؛ ئەوەش لە ئەنجامی پێویستی و گەشە و گۆڕانی زماندایە.

فرێزی هەڵگەڕاوەش چەشنێکە لەو فرێزانەی، کە پێکهاتە سەرەکییەکەی لە فۆڕمی فرێزێکدا دەبینرێت، واتە لە ئاستی قوڵیاندا پێکهاتەیەکی سینتاکسین، بەڵام ((لەکاتی گوێزانەوەیان لە ئاستی خوارەوە/ قوڵەوە،

بۆ ئاستی سەرەوە/ ڕوکەش، ئاڵوگۆڕ بەشوێنی کەرتەکانیان کراوە و کەرتی دیارخەر پێش کەرتی دیارخراو کەوتوە.)) (سەمیرە تۆفیق یونس: ٢٠١٣: ٦٨).

واتە ئەم چەشنە فرێزە، لە ئاستی قوڵیاندا، لە بنەڕەتدا لە قاڵبی فرێزی ئاسایی (دەرخراو، مۆرفیمی خستنەسەر، دەرخەر) پێکهاتون، بەڵام لەدوای جێگۆڕکێی پێکهێنەکانیان، بە پرۆسەی گوێزانەوەدا تێدەپەڕن، ئینجا دەبن بە یەکەی ئاستی فەرهەنگ/ مۆرفۆلۆژی، وەک یەک وشەی لێکدراوی بەلێکسیمبو "Lexicalization" لەنێو فەرهەنگدا جێگیردەبن؛ بەڵام ئەوەی گرنگە ((هەمو واتاکان دەبێ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا جێگیربکرێن و ئەم واتایانەش لە ڕۆنانی سەرەوەدا بپارێزن.)) (حاتەم وليا محەمەد: ٢٠٠٩: ٥٨). واتە پێکهاتەکە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری واتا و چەمکێکە، دوای گوێزانەوەش ئەم واتایە لەدەستنادات، چونکە ((Jackendoff- پێی وایە دابەشبونێکی زۆر ورد لەنێوان واتای تایبەتی وشە و واتای فریزدا نییە و هیچ هەوڵێکی پەیڕەوبەندی وانییە، کە دژی ئەم بۆچونە بسەلمێنێت.)) (صالح عبدلله بابکر: ٢٠١٦: ٨)، لەبەرئەوەی سینتاکس و فەرهەنگ، لێکدانەبڕاون و تەواوکەری یەکترین. بڕوانە نمونەی (٢٥):

٢٥- ئ- پیازی تەڕ (فرێزی ئاسایی)

ب- تەڕەپیاز (فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبو)

لە (٢٥- ئ)، پێکهاتەی قوڵی ئەم یەکەیە، لە چەشنی فرێزێ ئاساییدا، پێکهاتوە لە (دەرخراو+ مۆرفیمی خستنەپاڵ+ دەرخەر)، بەڵام لەدوای گوایزانەوەی بۆ ئاستی سەرەوە، فۆرمی پێکهاتەکە گۆڕاوە بە (دەرخەر+ مۆرفیمی ناوبەند+ دەرخراو)، یەکەکە وەک پێکهاتەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆژی لە چەشنی وشەی لیکدراو دەردەکەوێت، چونکە ((مۆرفیمی (-ە-) بە پێچەوانەی مۆرفیمی (-ی)یەوە، پێکهاتەی ئاستی فرێز نزم دەکاتەوە بۆ پێکهاتەی ئاستی وشە.)) (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٤٨)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەندێکباریشدا، فرێزەکە لەدوای گوێزانەوە و هەڵگەڕانەوەی پێکهێنەکانی هیچ مۆرفیمێکی خستنەسەر، وەرناگرێت؛ ((دەرخەر دەکەوێتەپێش دەرخراو، مۆرفیمی (-ی) خستنەپاڵی نێوانیان لادەبرێت.)) (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا: ٢٠١٣: ١٥٧)، پێکهاتەکە، وەک یەک وشەی لێکدراوی فەرهەنگی، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا دەچەسپێ، بە پرۆسەی پۆلگۆرین لە ئاستی سینتاکسدا دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی فەرهەنگ/ مۆرفۆلۆژی. بڕوانە نمونەی (٢٦):

٢٦- ئ- ژنی مەلا (فرێزی ئاسایی)

ب- مەلاژن (فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبو)

لە (٢٦- ئ)دا، پێکهاتەکە لە چەشنی فرێزێکی ئاسایی، وەک یەکەیەکی ئاستی سینتاکس مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام لە دوای هەڵگەڕانەوەی یەکەکانی لە (٢٦- ب)دا، فۆرمی فرێزەکە گۆڕاوە، لە هەمانکاتیشدا بەبێ هیچ مۆرفیمێکی بەستنەوە، وەک یەکەیەکی لێکدراوی بەلێکسیمبوی نێو فەرهەنگ هەژماردەکرێت. ئەمە جگە لەوەی واتا بنەڕەتییەکەی خۆشی لەدەستنەداوە؛ واتە (ژنی مەلا، یەکسانە بە مەلاژن) لەڕوی واتاوە.

لەلایەکی دیکەوە، لەدوای پرۆسەی بەلێکسیمبونی ئەم یەکە زمانییە (فرێزی هەڵگەڕاوە)، (کەرتی دوەمی پێکهاتەکە، سەرەی لێکدراوە تەکیەکخراوەکە دەگرێت. ئەگەر سەیری نمونەی (٢٦- ب) بکەیت، دەبینیت (ژن) لە (مەلاژن)دا، سەرەی واتایی وشە بەلێکسیمبوەکەیە، چونکە بەپێی جێکەوتەی بنەڕەتی (سەر) دروستەی ناوەوەی لێکدراوەکە، سەگمێنتی کۆتاییە.) (محەمەدی مەحویی: ٢٠٢١: ٣٣٣- ٣٣٥). بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١)




هێڵکاری ژمارە (١)

لە زمانی ئینگلیزیشدا، کە بە (فۆرمەوشەی تەکیەکخراو "Juxtaposed" ئاماژە بەم چەشنەی فرێز و هەڵگەڕانەوەی پێکهێن/ سەگمێنت- ەکانی کراوە، بەجۆرێک ئەم پێکهاتانە تایبەتمەندییان ئەوەیە لە پۆلی ئیدیۆمەکانن، چونکە ناتوانرێت واتاکانیان لە یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە هەڵبهێنجرێت. بڕوانە نمونەی (٢٧):

٢٧-a- the king’s head

b- head king

لە نمونەی (٢٧- a)دا، کە پێکهاتەی قوڵ و بنەڕەتی فرێزەکەیە، بە واتای (سەری پاشا) دێت، بەڵام دوای پرۆسەی گوێزانەوەو جێگۆڕکێی کەرەستەکانی لە (٢٧- b)دا، وەک یەکەیەکی بەلێکسیمبوی نێو فەرهەنگ، لە چەشنی ئیدیۆمێکی زمانەکە، بە واتای (پاشاسەر) دێت، ئەم واتایەش دەچێتە چوارچێوەی واتای میتافۆری لە زمانی ئینگلیزیدا.) (Haspelmath: 2002: 155). بۆ ئەو لێکدانەوەیەش، پێویستە پەنا بۆ لایەنی (دایکرۆنی "Diachronically" و ڕیشەناسی ئەو فرێزانە ببرێت، ئەمەش لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی واتای

ئەو یەکانە و گواستنەوەیان بۆ نێو فەرهەنگ، بە واتا تازەکەیانەوە، دەبن بە یەکەی بەلێکسیمبوی زمانەکە.) (Bussman: 1998: 681- 682).

بۆیە دەکرێت بڵێین، یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی وشەسازی بە ڕێگای سینتاکسی، فرێزی هەڵگەڕاوەیە، چونکە فرێزەکە لە دوای پرۆسەی گوێزانەوە، هەڵگێرانەوەی پێکهێنەکانی دەبێتە یەکەیەکی جێگیری نێو فەرهەنگ، وەک تاکە وشەی لێکدراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەبەرئەوەی ((بەلێکسیمبون پاش قۆناغی بەڕێزمانیبونە.)) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠٢٢: ٣).

واتە، بەلێکسیمبون "Lexicalization" ((ڕێگایەکە لەو ڕێگایانەی، کە فەرهەنگی زمان لەناو زماندا دەیگرێتەبەر، بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێ پێکهاتەیەکی سینتاکسی و وشە و ئەو پێکهاتە زمانیانەی ترە، کە بە پرۆسەی بەلێکسیمبون، یەکسان دەبن بە وشە.)) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٧: ٢٦٩).

ئەوەش وەک دیاردەی پۆلگۆڕین و پەڕینەوە لە ئاستی سینتاکس بۆ ئاستی وشەسازی/ فەرهەنگ، سەیردەکرێت.

٤/٢: تایبەتمەندییەکانی فرێزی هەڵگەڕاوە

فرێزی هەڵگەڕاوە، دوای پرۆسەی بەلێکسیمبون، وەک یەکەیەکی یەکسان بە وشەی فەرهەنگی، هەڵگری چەند تایبەتمەندی و سیمایەکە، کە جیای دەکاتەوە لە چەشنەکانی دیکەی فرێز. تایبەتمەندییەکانیش بە چەند خاڵێک دەخرێنەڕو:

**یەکەم: هەڵگەڕانەوە و جێگۆڕینەوە:**

یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی ئەم چەشنە فرێزە، جێگۆڕکێی یەکە پێکهێنەرەکانیەتی، بەو واتایەی لەدوای ئەوەی دەرخەر و دەرخراوەکانیان دەچنە شوێنی یەکتر، بە پرۆسەی گوێزانەوە لە دروستەی قوڵەوە بۆ دروستەی ڕوکەش، فۆڕمێکی جێگر و چەسپاو وەردەگرن. بۆ نمونە، (هەندێک هاوەڵناو، وەک پێکهێنێکی سەرەکی، لە ئاستی ڕوکەشدا پێش ناو دەکەوێت.) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ١٧٧). واتە، دەرخەر پێش دەرخراو دەکەوێت، مۆرفیمی خستنەسەرەکەش دەگۆڕێت، یان دەقرتێت. هەر ئەوەشە دەیکاتە لێکسیمێکمی سەربەخۆی یەکسان بە وشە. وەک لە نمونەی (٢٨)دا، دەردەکەوێت:

٢٨- ئ- پیاوی پیر/ فرێزی ئاسایی (دەرخراو+ مۆرفیمی خستنەسەر /-ی/+ دەرخەر).

ب- پیرەپیاو/ فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبو (دەرخەر+ ناوبەند /-ە-/+ دەرخراو).

**دوەم: بەکارهێنانی سینتاکسی و فەرهەنگی:**

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی فرێزی هەڵگەڕاوە، ئەوەیە، کە دو جۆرە بەکارهێنانی هەیە؛ ئەوانیش بەکارهێنانی سینتاکسی و فەرهەنگین. مەبەست لە بەکارهێنانە سینتاکسییەکەی ئەوەیە، کە دەشێت وەکو فرێزێکی ئاسایی و پێکهێنێکی ئاستی سینتاکس لە ڕستەدا، ڕۆڵ و ئەرکی واتایی خۆی بگێڕێت. سەرەڕای ئەوەش شیاوی ئەوەیان تێدایە، لەپاش هەڵگەڕانەوەی یەکە پێکهێنەرەکانی، وەکو یەکەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆژی، لە چەشنی وشەیەکی بەلێکسیمبوی نێو فەرهەنگ، وەک تاکە وشەیەکی لێکدراو دەربکەون؛ لەبەرئەوی ((دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژییانەکەی لە هەناوی دروستەی سینتاکسییەوە، هاتۆتە دەرەوە، لێرەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژییانە، لە دروستەی ئارگۆمێنتی سینتاکسی بچێت، چونکە پەیڕەوی جێبەجێکردنی دروستەی هەردوکیان لەیەک دەچن.)) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، بورهان ئەحمەد عزیز: ٢٠٢٢: ٤٦– ٤٧). بڕوانە نمونەی (٢٩):

٢٩– ئ– برای ژن/ فرێزی ئاسایی، بەکارهێنانی سینتاکسی (هێمن، برای ژنی نەوزادە.)

ب– ژنبرا/ فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیبو، بەکارهێنانی فەرهەنگی (هێمن، ژنبرای نەوزادە.)

ئەگەر سەرنجی نمونەی (٢٩– ئ) بدەیت، دەبینیت وەکو فرێزێکی ئاسایی، لە چەشنی فرێزی ناوی لە ڕستەکەدا بەکارهاتوە، بەڵام دوای پڕۆسەی پۆلگۆڕین، لە نمونەی (٢٩– ب)دا، بوە بە لێکسیمێکی سەربەخۆ، وەک تاکە وشەیەکی لێکدراو دەبینرێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا، سیما واتاییەکانی خۆی پاراستوە و هەمان واتا دەگەیەنێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان لەدوای پڕۆسەی بەلێکسیمبون، لە ئێستادا تەنها بەکارهێنانە فەرهەنگییەکەیان ماوە، چونکە ((دەشێ یەکێک لە بەکارهێنانەکان لەکاربکەوێت و نەمێنێت و ببێتە بەکارهێنانێکی مێژویی.)) (شیروان حسین حمد: ٢٠١٨: ١٣). بۆ ڕونکرنەوە بڕوانە، نمونەی (٣٠):

٣٠– ئ– سورەچنار/ فرێزی هەڵگەڕاوە، بەکارهێنانی فەرهەنگی، لە ئێستادا وەک ناوی درەختێک.

ب– چناری سور/ فرێزی ئاسایی، لەکارکەوتنی سینتاکسی، لە ئێستادا.

ئەمە بێجگە لەوەی هەندێکیان لە ئێستادا، تەنها بە واتای میتافۆڕی لە چەشنی ئیدیۆمدا، بەکاردەهێنرێن. واتە تەنها بەکارهێنانە لێکسیکییە چەسپاوەکەیان ماوە، بۆئەوەی دیکە پێویستە، بۆ گۆڕانە مێژوییەکەی بگەڕێیەوە، ئەوەش پێویستی بە شارەزایی و سەلیقەی وردی ڕیشەناسی "Etymology"، هەیە. بڕوانە نمونەی (٣١):

٣١– ئ– پایزەبرا/ فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبو،بەکارهێنانی میتافۆڕی (ئیدیۆمی) لە ئێستادا.

ب- برای پایزی/ فریزی ئاسایی، لەکارکەوتنی سینتاکسی، لە ئێستادا.

**سێیەم: یەکگرتویی و داخراوی لە ناوەڕۆکدا:**

تێکچڕژان و چونەناویەکی پێکهاتەی فریزی هەڵگەڕاوە، بەجۆرێکە ڕێگە بە گۆڕانکارییە مۆڕفۆلۆژییەکانی شکاندنەوە و فراوانکردن و تێئاخنین نادات، فراوانکردن تەنیا لە جەمسەرەکانەوە ڕێگەی پێدەدرێت، بەپێچەوانەی فریزی ئاسایی، بەهۆی دەرخەر، یان دیاریکەرەکانی (ناسراوی، نەناسراوی...هتد)ەوە، دەتوانرێت، فراوانبکرێن، بەڵام ئەمان (فریزی هەڵگەڕاوە) وەک دانەیەکی لەیەکنەپچڕاو فراوان دەکرێن، واتە دەرخەر و دیاریکەرەکان، دەبێت بە کۆتایی فریزە بەلێکسیمبوەکەوە بلکێن. (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢٧٨)، چونکە لە ناوەوە بوار بە فراوانکرن و کەرتبون نادەن؛ ئەوەش وەک تایبەتمەندی و سیمایەکی گرنگی ئەم چەشنەی فرێز، سەیردەکرێت؛ (بە بەراورد بە فریزی ئاسایی، کە کەمتر یەکگرتویی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی نیشادەدەن.) (Haspelmath: 2002: 163).

بەو پێیەی فریزی هەڵگەڕاوە، بوەتە فۆڕمێکی ئامادە لە ئاستی فەرهەنگدا دەستکاری ناکرێت، واتە جێگیری و چەسپاوی وەک، (پێکهاتەیەکی لێکسیکی، دەبێتە هۆی لە دەستدانی تایبەتێتی سینتاکسیی پێشوی بەشێوەی جیاواز.) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٧: ٢٨١). ئەمە بۆ فریزی ئاسایی تەواو پێچەوانەیە، بەو پێیەی بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمان ئامادەدەکرێت، بۆیە فۆڕمێکی تەواو جێگیری نییە و بواری فراوانکردن دەدات.

بڕوانە، نمونەکانی (٣٢، ٣٣):

٣٢- ئ- خانوی لادێ/ فریزی ئاسایی.

ب- خانوێکی لادێ/ فراوانکردن بە مۆڕفیمی نەناسراوی، شکاندنەوە لە ناوەڕۆکدا.

پ- خانوەکەی لادێ/ فراوانکردن بە مۆڕفیمی ناسراوی، شکاندنەوە لە ناوەڕۆکدا.

ت- خانوی خۆشی لادێ/ فراوانکردن بە دەرخەر، لە ناوەڕۆکدا.

ح- خانوی لادێکانی کوردستان/ فراوانکردن بە دەرخەر، لە جەمسەری کۆتایی.

٣٣- ئ- سورەهەنار/ فریزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبو.

ب- سورێکی هەنار/ ناڕێزمانی.

پ- سورەکەی هەنار/ ناڕێزمانی.

ت- سوری خۆشی هەنار/ ناڕێزمانی.

ح_ سورەهەنارێکی خۆش و بەتام/ ڕێزمانی، فراوانکردن لە جەمسەری کۆتایی.

بە سەرنجدان، لە نمونەکانی (٣٢) دەردەکەوێت، کە لە فرێزی ئاساییدا، شکاندنەوە، تێئاخنین، فراوانکردن، لە ناوە و دەرەوەی فرێزەکەدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە نمونەکانی (٣٣)دا، تەنها لە جەمسەری کۆتایی فرێزە هەڵگەڕاوە بەلێکسیمبوەکە، ڕێگە بە فراوانکردن دەدرێت، وەک لە نمونەی (٣٣- ح)دا، دەردەکەوێت، بەپێچەوانەوە لە ناوەوە فراوانکردن و تێئاخنین، ڕێگەی پێنادرێت، چونکە یەکەکە تەواو جێگیربوە و پێکهێنەکانی چونەتەنێو یەکتر و ڕێگە بەوە نادرێت. بڕوانە نمونەکانی (٣٣- ئ ب پ ت).

٥/٢ / پۆلگۆڕین لە سینتاکسەوە بۆ فەرهەنگ

زمان، وەک یەک تەنی پێکەوە بیستراو و یەک پاکێج سەیردەکرێت، هەرچەندە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە، ئاستەکانی زمان لێکهەڵبڕاون و پۆلێنکراون. (Leech: 1981: 179)، ( crystal: 2008: 274). بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر پێکهاتەیەکی زمان، پێویستە لە فەرهەنگەوە دەستپێبکرێت، چونکە ((فەرهەنگ پاشخانی کۆزانیاریی زمانی مرۆڤە، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو زانیارییانە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت.)) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، بورهان ئەحمەد عەزیز: ٢٠٢٢: ٤٢).

کەواتە (نواندنەکان لە هەر ئاستێکی زمان، یان سینتاکسدابن، لەڕێگەی توخمە فەرهەنگییەکانەوە، لە فەرهەنگەوە پرۆژەسازدانیان بۆ دەکرێت.) (سیروان سمین احمد: ٢٠٢٣: ١٣١)، بەڵام هەندێکجار، ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە، یان بە پڕۆسەی دوبارە گەڕانەوە بۆ نێو فەرهەنگ هەژماردەکرێت، چونکە هەندێک پێکهێن، دوای ئەوەی بە سەربەخۆیی لە فەرهەنگدا چالاککراون، لەپاشان لە پێکهاتەی گەورەتردا دەدرێنەپاڵ یەکتر، پیکهاتەیەکی وەک فرێز لە ئاستێکی دیاریکراوی وەک سینتاکس ڕۆدەنێن؛ جارێکی تر وەک یەکەی بەلێکسیمبو دەگەڕێنەوە نێو فەرهەنگ و وەک وشە/ لێکسیم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بێگومان (گەڕانەوەی فرێزەکان، بۆ نێو فەرهەنگ و بون بە وشە/ لێکسیم- ی، سەربەخۆ سنورداره و مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە.) (محەمەدی مەحویی: ٢٠٢١: ٤٦٥)، وەک جێگیربون، هێزخستنەسەر کۆتایی یەکە بەلێکسیمبوەکە، ناونان، یان وەسف و بەچەمکردنی ناولێنراوێک. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێکباردا ((پەیوەندیی ڕێزمانیی لەنێوان سەگمێنتەکانی لێکدراوەکاندا نەماوەو، تەنها ڕێزبونی سەگمێنتەکانی جڵەوی لێکدانەوە واتاییەکە دەگرێت.)) (هەمان سەرچاوە: ٤٦٧).

بۆیە پڕۆسەی پۆلگۆڕین و پەڕینەوە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دیکە، کە مەبەستمان پۆلگۆڕین لە سینتاکسەوە بۆ فەرهەنگە، (دەچێتە چوارچێوەی بەلێکسیمبون "Lexicalization"، کە پێچەوانەی

بەڕێزمانیبون "Grammaticlization"ە، یەکێکە لە چالاکییەکانی زمان و وەک دیاردەیەکی بەربڵاوی زمان سەیردەکرێت.) (Booij: 2005: 86). ئەوەش بریتییە لە پۆلگۆڕینی یەکەیەکی ئاستی سینتاکس بە ئاڕاستەی فەرهەنگ، چەسپین و جێگیربونی وەک لێکسیمێک لە فەرهەنگدا.

بەڵگە هێنانەوەش بۆ ئەوە، هەریەکە لە فرێزە چەسپاوەکان، فرێزە هەڵگەڕاوەکان و هەندێک لە میتافۆڕ و ئیدیۆمەکانن ...هتد، کە دەچنە چوارچێوەی ئەو یەکە زمانیانەی، کە لە ئاستی سینتاکسەوە دەپەڕنەوە بۆ فەرهەنگ. بۆ نمونە، ((یەکێک لە سەرەوشەکانی فەرهەنگی گشتیی فرێزی چەسپاوە. ئەم لێمایە لە بنەڕەتدا پێکهاتەیەکی سینتاکسییە، بە تێپەڕبونی کات بوە بە دانەیەکی فەرهەنگی.)) (علی حمد عثمان: ٢٠١٦: ٩٠)، چونکە دەشێت (ئەو یەکە زمانیانەی، کە لەنێو فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، دەگونجێت سەربە ئاستی مۆرفۆلۆژی بن، لەشێوەی وشەدا خۆیان بنوێنن، یان سەربە ئاستی سینتاکس بن، لەشێوەی فرێزدابن.) (گۆنا عمر عبدلله: ٢٠٢٣: ٧٦). سەرەڕای ئەوەی فەرهەنگ گەنجینەی داکراوی بەشێکی هەرە زۆری وشەکانی زمانە، (تەواوکەری ڕێزمانەکەیەتی، بەڵام مەرج نییە ئەم وشەدانە، هەمو یەکە و چەمکەکانی زمان لەخۆبگرێت، بۆیە دەشێت مۆرفۆلۆژی و سینتاکس ئەرکی تەواوکردنی فەرهەنگی زمانەکە بگرنەئەستۆ.) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠٢٢: ٤٤). ئەمەش لە ئەنجامی پێویستی و گەشە و گۆڕانی زمانە، بە مەبەستی ناونان، وەسفکردن، بەرهەمهێنانی چەمکی تازە، دەخرێنە نێو گەنجینەی فەرهەنگ و وەک وشەی بەلێکسیبوی زمانەکە تۆماردەکرێن. ئەوەش شتێکی سروشتییە، هەرچەندە، کە ((فرێز خۆی دانەیەکی گراماتیکییە، لە هەمان کاتیشدا، دەربڕی جۆرێکە لە چەمک، با گرانیش بێت، ئەمە لێهاتویی ڕەهای فرێزەکانە. هەر ئەم تواناو لێهاتوییە لەخۆیدا یەکسانییە بە وشە.)) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٧: ٢٨٥). بۆڕونکرنەوەی زیاتر بڕوانە، نمونەکانی (٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧):

٣٤- زمانەوانیی دەرونی، خەڵاتی نۆبڵ/ فرێزی چەسپاوی بەلێکسیمبو.

٣٥- براژن، گەورەکچ/ فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبو.

٣٦- شێرەپیاو، پیرەکەر/ فرێزی هەڵگەڕاوەی میتافۆڕی، بەلێکسیمبو.

٣٧- حەمامی ژنان، ددانی مار/ فرێزی چەسپاوی ئیدیۆمی، بەلێکسیمبو.

ئەگەر سەرنجی نمونەکان بدەیت، دەبینیت هەریەکەیان، دروستە قوڵ و بنەڕەتەکەیان، لە فۆڕمی فرێزی ئاساییدا بون، بەڵام دوای پرۆسەی گوێزانەوە بون بە یەکەی لێکسیکی و لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا وەک، یەک لێکسیم، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بۆ نمونە، فرێزەکانی (٣٤) وەک فرێزی چەسپاو، لە بەرانبەر ناوی زاراوەی ئەبستراکت دانراون، هەروەها نمونەکانی (٣٥) وەک فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبو دوای

گوێزانەوەیان، دروستە ڕوکەشەکەیان، وەک ناو لە بەرانبەر ناولێنراو دەبینرێن، بەهەمان شێوە نمونەکانی (٣٦) لە چەشنی فرێزی هەڵگەڕاوە، بە واتای میتافۆڕی بونە یەکەی ئاستی فەرهەنگ؛ لەپاشاندا نمونەکانی (٣٧) لەو ئیدیۆمانەن، کە لە چەشنی فرێزی چەسپاودان، هەرچەندە پێکهاتەکانیان لە فۆڕمی فرێزی ئاساییدان، بەڵام لەدوای ئەوەی واتای میتافۆڕییان وەرگرتوە، بون بە یەکەی ئاستی فەرهەنگ، چونکە (لە سنوری سینتاکس دەرچون و لە لێکسیکۆلۆژی/ فەرهەنگسازیدا، لێیان دەکۆڵرێتەوە.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥: ٥٩)، فەرهەنگسازیش، ((ئەو ئاستەی زمانە، کە لەو وشانە دەکۆڵێتەوە، کە فەرهەنگی زمان پێکدەهێنن.)) (کەوسەر عزیز ئەحمەد: ١٩٩٠: ١٧).

لەبەرئەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە ئەو دوانە (سینتاکس، فەرهەنگ) لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدان و سنوری نێوانیان سنورێکی کاڵە، بۆیە پڕۆسەی پۆلگۆڕین و پەڕینەوە لە ئاستی سینتاکس بۆ فەرهەنگ، دیاردەیەکی سروشتییە و پەیوەندی بە یەکپارچەیی زمانەوە هەیە.

٦/٢: خستنەڕوی ئەو فرێزە هەڵگەڕاوانەی بەلێکسیمبون لە زمانی کوردیدا

لەم تەوەرەیەدا تیشکدەخرێتەسەر پێکهاتەی مۆڕفۆلۆژی ئەو فرێزە هەڵگەڕاوانەی، کە لە پاش گوێزانەوەیان لە دروستەی قوڵەوە بە دروستەی ڕوکەش، بون بە یەکەی بەلێکسیکی لە چەشنی وشەی لێکدراودا. واتە پاش ئەوەی پێکهێنەکانیان (دەرخراو+ دەرخەر)ەکانیان، جێگۆڕکێیان کردوە، پێکهاتەو فۆڕمی ئەوانیش گۆڕاوە. بەگوێرەی چەند یاسایەکی مۆڕفۆلۆژی دراونەتە پاڵیەکتر و لە بەرانبەر واتا و چەمکی دیاریکراو لە فەرهەنگدا، جێگیربون.

پێکهاتەو چەشنی فرێزی هەڵگەڕاوە و یاسای سازکردنیان:

یەکەم/ (ناو+ ناو)> /ناو/

٣٨- حاجیژن، شاژن، مەلاژن، ئاغاژن، ژنخوشک، شێخژن، ، ژنبرا، سەرماوەرز، کوردزمان، شوبرا ...هتد.

دوەم/ (ناو+ ناوبەندی /-ە-/ + ناو)> /ناو/

٣٩- سەلکەپیاز، خەونەهەوار، ئێسکەپەیکەر، دەمارەخانە، بەهارەگەشت ...هتد.

سێیەم/ (هاوەڵناو+ ناو)> /ناو/

٤٠- زڕبرا، زڕخوشک، سپیدار، ماکەو، ماکەر، فەرخەچۆلەکە، ڕەشمار، گەورەقەڵا، هەرزانبازاڕ، ...هتد.

چوارەم/ (هاوەڵناو+ ناوبەندی /-ە-/+ ناو)> /ناو/

٤١- نێرەکەو، نێرەکەر، باڕەکەو، کۆنەهەوار، کۆنەقین، ڕەشەوڵاخ، ڕەشەگۆشت، نەرمەگۆشت، زڕەتو، سورەهەنار، سورەچنار، شۆڕەبی، سورەقەڵا، سورەگوڵ، سورەماسی، زەردەبەهێ، ڕەشەڕیحانە، ناسکەخەیار، فەریکەبایەو، فەریکەسێو، وردەبەرد، وردەگڵەیی، وردەخاڵ، بەرزەپرد، گەرمەهەواڵ، تەنکەڕیش، تەڕەپیاز ...هتد.

پێنجەم/ (ناو+ ناوبەندی /-ۆ-/+ ناو)> /ناو/

٤٢- مامۆژن، خالۆژن، ...هتد.

شەشەم/ (هاوەڵناو+ ناو)> /هاوەڵناو/

٤٣- قەیرەکچ، گەورەکچ، ڕەشپێست، سپیپێست، ...هتد.

حەوتەم/ (هاوەڵناو+ ناوبەندی /-ە-/+ ناو)> /هاوەڵناوئاسا/

٤٤- شێرەپیاو، شێرەژن، شۆڕەژن، کۆنەجاش، پیرەپیاو، پیرەمێرد، پیرەژن، پیرەکەر، گێلەپیاو، بۆرەپیاو، زرتەزەلام، ...هتد.

٧/٢ / شیکرنەوەی ئەو فرێزە هەڵگەڕاوانەی بەلێکسیمبون لە زمانی کوردیدا

بە پشتبەستن بە تەوەری (٢/ ٦)و، نمونەکانی، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە سەرجەمی ئەو فرێزە هەڵگەڕاوانەی لە زمانی کوردیدا دەبینرێن، بەر لە بەلێکسیمبونیان، لە چەشنی فرێزی ئاساییدان، پێکهاتە سینتاکسییەکەیان، بریتییە لە (دەرخراو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ دەرخەر)، یەکە پێکهێنەرەکانیشیان لە پۆلی (ناو، ناو)، یان (ناو، هاوەڵناو)ن؛ بەڵام لەدوای پرۆسەی گوێزانەوە و جێگۆڕکێی کەرەستەکانیان، شێوە/ فۆرمی ئەم یەکانە گۆڕاون بە (دەرخەر+ دەرخراو)، یان (دەرخەر+ ناوبەند+ دەرخراو).

سەرجەمی ئەو وشە/ لێکسیم-انەی، بەرهەمی فرێزی هەڵگەڕاوەن، لە پۆل/ کەتیگۆری (ناو، هاوەڵناو، هاوەڵناوئاسا)ن. ئەگەر سەرنجی نمونەکانی (٣٨)بدەیت، دەبینیت، کە فرێزەکان بەر لە هەڵگەڕانەوەیان لە ئاستی قوڵیاندا، یەکەی سینتاکسین، پێکهاتەکەیان لە (دەرخراو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ دەرخەر) پێکهاتوە، هەردوک پێکهێنە سەرەکییەکە لە پۆلی ناون، بەڵام دوای پرۆسەی جێگۆڕینەوەی پێکهینەکانیان، بون بە یەکەی لێکسیکی، لە چەشنی وشەی لێکدراوی (ناو+ ناو) بەبێ مۆرفیمی بەند، یەکەی لێکسیکی پۆلی ناویان بەرهەمهێناوە. لە بەرانبەر هەریەکەیاندا یەک تاکە ناولێنراو هەیە، لە شوێنی یەک وشە ڕۆڵدەبینن، ، چونکە ((ڕێگایەک لەو ڕێگایانەی، کە فەرهەنگی زمان لە ناوناندا دەیگرێتەبەر، بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێ پێکهاتەی سینتاکسییە.)) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٧: ٢٦٩). بۆ نمونە، ئەگەر سەیری وشەی (ئاغاژن) بکەیت،

دەبینیت پێکهاتە سینتاکسییەکەی (ژنی ئاغا)یە، بەڵام لەدوای پرۆسەی پۆلگۆڕین، وەک تاکە ناوێک ئاماژەیە بۆ ناولێنراوێک، لە چەشنی وشەی لێکدراوی فەرهەنگی. وەک لەخوارەوە دەبینرێت:

(ژنی ئاغا) فرێزی ئاسایی.

(ئاغاژن) فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبوی ناوی.

نمونەکانی (٣٩)ش، بە هەمان شێوە بەرلە پۆلگۆڕین (دەرخراو، دەرخەر)ەکانیان، لە پۆلی ناون، بەهۆی مۆرفیمی خستنەسەر، لە چەشنی فرێزی ئاساییدابون، بەڵام ئەمان لەدوای پرۆسەی هەڵگەڕانەوە، مۆرفیمی بەستنەوەکەیان گۆڕاوە بە مۆرفیمی بەندی فەرهەنگی لە چەشنی ناوبەندی /ـە-/، وشەکانیش وەک پۆلی ناوی لێکدراو لە فەرهەنگدا بونە یەکەی لێکسیکی سەربەخۆ. وەک:

(پیازی سەلک) فرێزی ئاسایی.

(سەلکەپیاز) فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبوی ناوی.

نمونەکانی (٤٠)، کە لە چەشنی (هاوەڵناو+ ناو)ن، بەرلە بەلێکسیمبون، فۆرمی پێکهاتەکەیان لە شێوەی (ناو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ هاوەڵناو)دا، بون، بەڵام لە دوای جێگۆڕکێی کەرەستەکانیان، مۆرفیمەکە قرتاوە و یەکە بەلێکسیمبوەکان، هەریەکەیان لە فۆرمی (هاوەڵناو+ ناو)دا، وەک ناوێک لە بەرانبەر ناولێنراوێک دەوەستن. بۆ نمونە، وشەی (ڕەشمار) بەرلە بەلێکسیمبون فۆرمە سینتاکسییەکەی (ماری ڕەش) بوە، دوای جێگۆڕکێی پێکهێنەکانی، مۆرفیمی خستنەسەری (ی) قرتاوەو وشەکە وەک ناوێک لەبەرانبەر ناولێنراوێک، کە جۆرێکی مارە، دەوەستێت. بۆ ڕونکرنەوە سەرنجی نمونەکانی خوارەوە بدە:

(ماری ڕەش) فرێزی ئاسایی.

(ڕەشمار) فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبوی ناوی.

نمونەکانی (٤١)یش، هەمان پێکهاتەی نمونەکانی (٤٢)یان، هەیە؛ بەڵام ئەمان لەدوای جێگۆڕکێی پێکهێنەرەکانیان، مۆرفیمی خستنەسەرەکە گۆراوە بە ناوبەندی فەرهەنگی /ـە-/، ئینجا یەکەکە وەک تاکە لێکسیمێک لە بەرانبەر ناولێنراوێک وەستاوە، چەشنێک وشەی بەرهەمهێناون لە پۆلی ناو. بڕوانە خوارەوە:

(بەهێی زەرد) فرێزی ئاسایی.

(زەردەبەهێ) فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبوی ناوی.

بەسەرنجدان لە نمونەکانی (٤٢) دەردەکەوێت، کە دروستە قوڵەکەیان لە چەشنی فرێزی ئاساییدا، فۆڕمەکانیان بریتین لە (دەرخراو+ مۆڕفیمی خستنەسەر+ دەرخەر)، پێکهێنەکانیان لە پۆلی (ناو+ ناو)ن، بەڵام دوای جێگۆرکێی ناوەکان و پڕۆسەی پۆلگۆڕین، مۆڕفیمی خستنەسەرەکەش گۆڕاوە بە مۆڕفیمی ناوبەندی /-ۆ-/، وشەی لێکدراوی فەرهەنگی لە پۆلی ناو بەرهەمهاتون، وەک تاکە لێکسیمێک لە فەرهەنگدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بڕوانە نمونەکان:

(ژنی خاڵ) فرێزی ئاسایی.

(خاڵۆژن) فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبوی ناوی.

بەرهەمی نمونەکانی (٤٣، ٤٤) جیاواز لەوانی دیکە، یەکە بەلێکسیمبوەکان لەدوای پەڕینەوەیان بۆ نێو فەرهەنگ، وەکو پۆلی هاوەڵناو هاوەڵناوئاسا دەردەکەون، چونکە لە ڕستەدا بەپێی دەوروبەر وەک ناو، یان لە وەسفی ناوی مرۆڤ، شت و دیاردەکاندا ڕۆڵدەبینن.

ئەگەر سەیری نمونەکانی (٤٣) بکەیت، دەبینیت، وشە بەلێکسیبوەکان بەرلە پڕۆسەی پۆلگۆڕین، پێکهاتە سینتاکسییەکانیان (دەرخراو+ مۆڕفیمی خستنەسەر+ دەرخەر)ن، بەڵام دوای جێگۆڕکێی یەکەکانیان و قرتانی مۆڕفیمی خستنەسەر، ڕیزبەندیی (ناو، هاوەڵناو)ەکان، گۆڕاون بە (هاوەڵناو، ناو)، یەکەی فەرهەنگی لە پۆلی هاوەڵناو، بەرهەمهاتون. بڕوانە:

(کچی قەیرە) فرێزی ئاسایی.

(قەیرەکچ) فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبوی هاوەڵناوی.

هەریەکە لە نمونەکانی (٤٤) بەرلە پڕۆسەی گوێزانەوە، (دەرخراو، دەرخەر)ەکانیان، پێکهاتون لە (ناو، هاوەڵناو) بەهۆی مۆڕفیمی خستنەسەر، دراونەتە پاڵیەکترو فرێزی ئاساییین، بەڵام دوای هەڵگێڕانەوەی پێکهێنەکانیان، فۆرمی پێکهاتەکە بوە بە (هاوەڵناو، ناو) مۆڕفیمی خستنەسەرەکەش گۆڕاوە بە مۆڕفیمێکی فەرهەنگی، بەڵام لێکسیمەکان هاوەڵناوئاسان، چونکە بەپێی ئەو دەوروبەرانەی کە تێیاندا دەردەکەون پۆلی وشەکان دەگۆڕێن؛ واتە هەندێکجار لە بەرانبەر ناولێنراوێک، وەک ناو دەردەکەون، یان لە وەسفی ناو و دیاردەکاندا هاوەڵناوئاسا دەردەکەون. تەنانەت هەندێکیان وەکو میتافۆڕ وەسفی هەندێک دیاردەیان پێدەکرێت، چونکە سەرباری واتا بنەڕەتی/ سیمانتیکی-کەیان، واتای میتافۆڕی- شیان هەیە. بۆ ڕونکرنەوە، تەماشای نمونەکان بکە:

(کۆنەجاشەکان، لە خەڵکی دڵسۆز زیاتر خزمەتدەکرێن.) بەکارهێنانی وەک ناو، واتای سیمانتیکی.

(دەڵێی، کۆنەجاشی.) بەکارهێنانی وەک هاوەڵناوئاسا، توانج، واتای میتافۆڕی.

(ژنی پیر) فرێزی ئاسایی.

(پیرەژن) فرێزی هەڵگەڕاوەی بەلێکسیمبوی هاوەڵناوئاسا.

(پیرەژنەکە، هات.) بەکارهێنانی وەک ناو.

(نەسرین، دەڵێی پیرەژنە.) بەکارهێنانی وەک هاوەڵناوئاسا.

**ئەنجام:**

1- ڕێگای سینتاکسی، یەکێکە لە ڕێگا چالاک و بەبەرهەمەکانی دەوڵەمەنکردنی فەرهەنگ، فرێزی هەڵگەڕاوەش یەکێکە لە بەرهەکانی ئەو ڕێگایە.

2- بەلێکسیمبون، پرۆسەیەکی زمانییە، پۆلگۆڕینی یەکەیەکی سینتاکسییە بە ئاڕاستەی فەرهەنگ، بە پێچەوانەی بەڕێزمانیبون. لە زۆربەی زمانەکاندا هەستپێدەکرێت؛ بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی زمانی.

3- بە پشتبەستن بە داتای توێژینەوەکە، دەردەکەوێت، کە زۆربەی ئەو وشە بەلێکسیمبوانەی بەرهەمی ئەم چەشنەی فرێزن، لە پۆلی ناون، بە پێچەوانەوە بەشێکی کەمیان پۆلی هاوەڵناو و هاوەڵناوئاسان.

4- زۆرینەی فرێزە هەڵگەڕاوە بەلێکسیمبوەکان، دوای پرۆسەی پۆلگۆڕین، واتا و سیمای سەرەکی خۆیانیان لەدەستنەداوە، واتە هەردوک بەکارهێنانیان ماوە، کە مەبەست بەکارهێنانی سینتاکسی و فەرهەنگییە.

5- پێکهاتەی فرێزە بەلێکسیمبوەکان، بە پێچەوانەی فرێزی ئاسایی، لەناوەوە بەجۆرێک داخراون، کە بواری تێئاخنین و فراوانکردن نادەن، ئەوەش وایکردوە وەک تاکە لێکسیمی سەربەخۆی یەکسان بە وشە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

6- فرێزی هەڵگەڕاوە بە پێچەوانەی فرێزی چەسپاو، وەک یەکەی تەواو بەلێکسیمبو هەژماردەکرێن، چونکە بەتەواوی لە قاڵبدراون و وەک فۆڕمی وشەی لێکدراو دەچنە نێو فەرهەنگەوە.

# Lexicalization of transposed phrases in Kurdish language

**Muhamad Qadr Muhamad Amin**

Computer Institute of Ranya, General Directorate of Institutes and Training, Ministry of Education, Erbil, Kurdistan region, Iraq

**Abstract:**

This research is entitled of (Lexicalization of transposed phrases in Kurdish language). It’s an effort to present and analyzing for those phrases after the replacement of subject and predicate, during the process of transformational from deep structure to surface structure, became the lexicon unit. As it is known phrase is a syntax unit, but as a result of the development and change and the needs of language to naming and producing of new concept and meaning, again language resorts to other used units of language, that is why some of the language units moves from a level of language to another to reuse.

One of those ways is reproduction of lexicon unit through syntax, one of the products of this way is the inverted phrase, again after the process of its inverting creator units. As an equivalent lexicon to a compound word.

**Keywords**: Transposed Phrase, Syntactic Structure, Lexical Structure, Classification.

## سەرچاوەکان:

ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ئەردەوان تۆفیق فەتاح، (٢٠١٥)، پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

ئومێد بەرزان برزۆ، (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی جنگل، تاران.

ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

بێستون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢)، کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

بێستون حەسەن ئەحمد، (٢٠١٨)، لێکدانەوەی سیمانتیکی و پراگماتیکی دەربڕاوە چەسپاوەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

بازیان یونس محێدین، (٢٠١٣)، پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

حاتەم ولیا محەمەد، (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

حاتەم ولیا محمد، (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجی، چاپی یەکەم .

چیا طاهر خالد، (٢٠٢١)، پۆلگۆڕین لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فەکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

دیار علی کمال، (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .

ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

سەمیرە تۆفیق یونس، (٢٠١٣)، سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

سازان زاهیر سەعید، (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

سیروان سمین احمد، (٢٠٢٣)، لێکسیکۆسینتاکسی دروستەی ئارگۆمێنت، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

سەعید کەرەمی، (١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، زانستگای کوردستان .

شێرکۆ حمەئەمین قادر، (٢٠٠١)، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گوراندا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٢)، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

شیروان حوسێن خۆشناو، (٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپ و پەخشی نارین، هەلێر.

شیروان حسین حمد، (٢٠١٨)، پۆلگۆڕینی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی زانکۆیا زاخۆ، بەرگی یەکەم، ژمارە شەش.

شیروان حسین حمد، (٢٠٢٣)، بەگیرەکبونی مۆرفیمی ڕەگی فارسی، لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی دەیەم، ژمارە دو.

شیروان حوسین حمد، شماڵ زکی حسێن، (٢٠٢٣)، ڕۆنانی ناوەوەی وشەی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی دەیەم، ژمارە یەک.

صالح عبدلله بابکر، (٢٠١٦)، ڕێبازی مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، فەکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ، ڕانیە.

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠٢٢)، ئەرشیفکردن لە بەرهەمەکانی علادیین سەجادییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، کۆنفرانسی سەجادی، ٢٠٢٢ .

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، بورهان ئەحمەد عزیز، (٢٠٢٢)، نواندنی واتایی لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی نۆیەم، ژمارە سێ.

علی حمد عثمان، (٢٠١٦)، ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر،فەکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، (٢٠١٤)، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

فاروق عومەر سدیق، (٢٠١٧)، زمانناسیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

فاروق عومەر سدیق، (٢٠٢٠)، قەرزی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چواچرا.

کەوسەر عزیز ئەحمد، (١٩٩٠)، بێردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

گۆنا عمر عبدالله، (٢٠٢٣)، تۆڕبەندی ڕێزمانی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .

محەمەد ڕەزای باتنی، (١٩٩٣)، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، چاپەمەنی ئازاد، چاپ و بڵاوکردنەوە، سوید.

محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکرنی شێروان حسێن، شێروان میرزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

محمد معروف فتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی رون.

محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٠)، دروستەی کردار بنەماو دیاردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محەمەدی مەحویی، (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم ودوهەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

محمد قادر محمدامین، (٢٠٢١)، لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

نەرمین عومەر ئەحمد، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

یوسف نوری محەمەدئەمین، (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەلێر.

Aichision. Jean, (1993), Linguistics, British Library cataloguing in publication data.

Aronoff. Mark, Fudeman. Kristen, (2011), What is Morphology, Second Edition, Blackwell publishing ,Ltd.

Booij. Geert, (2005), The grammar of Words, first published, published in the United States, by Oxford university press In New York.

Bussmann. Hadumod, (1998), Routledge Dictionary of Language and Linguistics, translated by Troth and Kazzazi, first published in paperback, Routledge.

Chomsky. Noam, (1985), Syntactic structures, Fourteenth printing, Mouton puplishers, the hague Paris.

Crystal. David (2008), Dictionary of linguistics and Phonetics, Sixth edition, Black Wall Publishing Ltd.

Chalker. Syvia,Weiner. Edmund, (1994), The oxford Dictionary of English Grammar, second edition, oxford University press paperback.

Finch. Geoffery (2005), key conception language and linguistics, second editions, printed in Great Britain by Creative print and design (Wales) Ebbw Vale.

Fromkin. Victoria, (2000), Linguistics An Introduction of linguistic theory, first published, Blackwill publishers Inc.

Fromkin. Victoria, Rodman. Robert , Hyams. Nina, (2003), An Introduction to Language, seventh Edition, printed in the united states.

Haspelmath. Marttin, (2002), Understanding Morphology, first published in great Britain.

Imamovic. Adisa, (2017), Grammatical catrgories in English and Bosnian, publisher, Izdavac, off- set, Tuzla.

Jacobson.Pauline, (2014),Compositional Semantics, First Edition, Printed and bound by (UK) Ltd.

Katamba. Francis (1993), Morphology, first published in the united states of America.

Kim. Gahyun (2010), Synchriny and Diachrony of Conversion in English, University of Edinburgh.

Leech. Geoffrey, (1981), Semantics, second edition revised. Revised and updated, by Richard Clay Ltd.

Martsa. Sandor, (2013), Conversion in English: A Cognitive Semantic Approach, first published, Cambridge Scholars publishing.

Trask's, Larry, (2015), Historical linguistics, Revised by Robert McColl Millar, third edition, published by Routledge.

Yule, George, (2010), The Study of Language, Fourth edition, printed in the United Kingdom at the university press Cambridge.

## پەراوێز:

[١] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پۆلێنەکان، بروانە:(Fromkin & Rodman & Hymams:2003: 104)، (محەمەد مەعروف فەتاح، سباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦: ٢٩)

[٢] – هەریەکە لە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٦٨)، (حاتەم ولیا محمد: ٢٠١٩: ١٣٥) لەبەرانەبەر ئەو زاراوەیە، (وەرچەرخان)یان، داناوە. هەروەها (سەعید کەرەمی: ١٣٩٦: ١٤١) زاراوەی (ڕاگوێزان)ی، بەکارهێناوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بەسود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی تر، زاراوەی (پۆلگۆڕین) بە پەسندزانراوە.

[٣] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکارەکانی گۆڕین، گۆڕانی زمان، بڕوانە: (چیا طاهر خالد: ٢٠٢١: ٥٥-٥٩)، (ئەردەوان تۆفیق فەتاح: ٢٠١٥: ٤٦-٤٧)، ( yule:2010: 231-232)

[٤] – تەوەرەکانی دواتری ئەم بەشە بۆ ئەو جۆرەی پۆلگۆڕین تەرخانکراوە.

[٥] – بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم جۆرەی پۆلگۆڕین تەرخانکراوە.

[٦] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پۆلگۆڕینی وشە، بەبێ لاگرلکاندن و لاگرلکاندن، بڕوانە: (Martsa: 2013: 11)، (Bussmann: 1998: 245)

[٧] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی نوسەک و گیرەک، بڕوانە: (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٢١- ٢٦)، (بازیان یونس محێدین: ٢٠١٣: ٤٩- ٥٠)، (ئەردەوان فەتاح شێروانی: ٢٠١٥)

[٨] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەگیرەکبون و جۆرەکانی بڕوانە: (شیروان حسین حمد: ٢٠٢٣: ٧٢٤- ٧٢٥)

[٩] – بۆ زانیاری دەربارەی پێکهێن و دەرخەرەکانی سەرە، بڕوانە (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ٤٨)، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٠: ٣٨)، (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠٢٠: ٢٣)

[١٠] – لە سەرچاوەکاندا، بێجگە لەم چەشنانەی لێرەدا باسکراون، چەندین چەشن و پێکهاتەی تری فرێز ئاماژەیان بۆکراوە، بەڵام لەبەر سنورداریێتی ئەم توێژینەوەیە، لێرەدا باسنەکراون، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (Fromkin: 2000: 138)، (دیار علی کمال: ٢٠٠٢: ٣٩)، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٠: ١١)، (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠٢٠: ١٤)

[١١] – سەبارەت بە زاراوەی فرێزی چەسپاو، هەندێک لە سەرچاوەکان بە (فریزی قایمکراو) ناوی دەبەن، بڕوانە (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٧: ٢٨٣)، هەریەکە لە (محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر، شیلان عومەر: ٢٠١٠: ١٢٦) بە (دەستەواژەی ناوی)، (عەبولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٠: ٣١) بە (دەستەواژیلەی ناوی) ناویانبردوە.

[١٢]– بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، بڕوانە: (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم: ٢٠١٤)